# شییکردنەوەیەکی زمانەوانیی دوودەقی شیعریی مەولەوی و مەحویی

پ.ی. د. محەمەدی مەحویی– پ.ی. د. محەمەد ئەحمەد سەعید
زانکۆی سلێمانیی، کۆلێژی زمان_بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی

پێشەکیی

لێکۆڵینەوەی زانستیی لە وێژەوانییدا لە چێوەی گریمانەکارێکدا/تیۆرییەکدا دەکرێت و هەنگاوەکانی جێبەجێدەکرێن. لەم هەوڵەدا، بۆیە کار بە گریمانەکاری گواستنەوەو بەرهەمهێنانی Chomsky کراوە، چونکە شییکردنەوەی زانستیی بەرهەمێکی وێژەوانیی/ئەدەبیی -وەك 'هۆنراوە'- بە سەرکەوتوویی، بەبێ شارەزایی و دەستەڵاتشکاندنەوەیەکی تەواو بەسەر ڕێزمان و فەرهەنگی زمانەکەیدا نەبوونەکراوە. لە نەبوونی فەرهەنگێکی کوردیی_کوردیی و سەرچاوەیەکی ئەتیمۆلۆژییدایە، کە لێکدانەوەکانمان بە گشتیی تەواو پڕاو پڕ نیین.

بۆ تێگەیشتنی تەواوو پڕاوپڕ adequate لە زمانی دایك، پێویستە لە ئەدگارو تایبە تمەندیەکانی زمانەکە بەتایبەتیی و لەوانەی زمانی مرۆڤ و جیاوازیەکانیان بەگشتیی بگەین و لە لێکۆڵینەوەکانی ئەمرۆی زانستی زمان بە ئاگابین، بەتایبەتیی لەو بوارو مەودایانەدا، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەزمان و زمانی دایکەوە هەیە. بە مەبەستی خزمەتکردنی وێژەو وێژەوانانی نەتەوەکەمان و ناساندنی ئەم ڕێبازە نوێیە بە ئێوە، بە خوێندکارانی خۆشەویست، بە کەسانی هۆنراوە_دۆست و لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوەیە، کەئەم هەوڵە ئەکادێمیە بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە:

١) زمان و زمانی کوردیی،
٢) ڕێگەو ڕێبازی شییکردنەوە،
٣) شییکردنەوەی چەند هۆنراوەیەك.

## بەشی یەکەم
## زمان و زمانی کوردیی

١/١ ) زمان وەك هۆی کردەی پەیوەندیی و لەیەکگەیشتن :

دروستەی دنیاو دروستەی زمان، واتە : پێڕەو، هەمانکاتیی، دیرۆکیی

٢/١ ) ئەدگارەکانی زمانی مرۆڤ

١_ زمانە سروشتیەکان

خوگونجاندنی زمان لەگەڵ پێداویستیەکانی زمانی مرۆڤدا

هێمادانان : دەستووربەدەریی فۆڕم و واتا

دوو_دروستەیی : دەنگ، وشە، فرێزو ڕستە ( فۆنۆلۆژیی، مۆڕفۆلۆژیی و سینتاکس )

واتان چەشنەکانی واتاو واتالێکدانەوە

٢_ ڕێزمانی گواستنەوەو بەرهەمهێنان

توانست و توانا : توانای بایەلۆژیی و بۆماوە

ڕێزمان و پێکهاتەکانی : سینتاکس، مۆڕفۆلۆژیی، فۆنۆلۆژیی، سێمانتیك،

ئاستەکان : قووڵ و ڕووکەش،

گواستنەوەو جێگۆڕکێ،

٣/١ ) ئەدگارەکانی زمانی کوردیی

فەرهەنگ :

لێماکان وەك خودی زمان، کۆمەڵەوشەو هاوڕێیەتییکردن، ئیدیەم،

پەندی پێشیینان و قسەی نەستەق وەك گە نجی ژێربێژیی، دییدو بۆچوونی کورد

دەربارەی دنیا، ژیان و مردن و ... هتد.

پێڕەوی ئەرگەتیڤیی،

تێکئاخنراویی، لکاویی و تێکەڵبوونی پێکهاتەکان :

ڕستە : قاڵب بە جێکەوتەی چەسپاوەوە، سەرکۆتایی ( S.O.V. )، بکەرخراو.

گرێ/فرێزو چەشنەکانی :

١_ا ) دیارییکراو : کوڕەکوردەکە، کوڕەئازاکە

_ب ) دیارییینەکراو ( خستنە پاڵ ) : کوڕێکی کورد، کوڕی کورد

٢_ ) خاوەنداریێتیی و بۆگەڕاوە : کوڕەکەی من، دەرگای ژوور، سەرمای زستان.

## بەشی دووهەم
## ڕێگەو ڕێبازی شییکردنەوەو لێکدانەوە

١/٢ ) ئاستی ئاسۆیی/تەکنشینیی/سینتاگمیی

٢/٢ ) ئاستی جێنشینیی/پەرادیگمایی ( پەیوەندییە ئاوەزیەکانی ناو مێشك/ پێڕەو )

## گەڕانەوە بۆ ئاستی قووڵ و ڕێکخستنەوەی سەرەڕێیزبونی وشەو فرێزەکان لێکدانەوەی هەر بەیتێك، لەڕێی گەڕانەوەوە بۆ فەرهەنگ

### بەشی سێهەم
### شیبکردنەوەی دوو هۆنراوەی دوو وێژەوانی مەزنی کورد
### مەولەویی، مەحویی

### بەشی یەکهەم
### زمان و زمانی کوردیی

**١/١ ) زمان وەك هۆی کردەی پەیوەندیی و لەیەکگەیشتن**

زانستی زمانی نوێیاو[1] زمان وەك هۆو ئامێری کردەی پەیوەندیی و لەیەکگەیشتن ( گەیاندن ) communication پێناسەدەکات[2]. بەم جۆرە، کاتێك مامەڵە لەگەڵ هەر جۆرێکی زماندا –زمانی دەستوریی و باڵا standard language، زمانی زانست، زمانی هۆکانی ڕاگەیاندن و زمانی وێژەوانیی- دەکەین، دەبێت لەسەر ئەو بناغەیە بیبینیین، کە بۆ گەیاندنە ( تێگەیشتن و لەیەکگەیشتنە ). بنەمای گەیاندنەکە بریتییە لە فەرهەنگی زمان lexicon/ وشەنامە dictionary و ڕێزمانەکەی ( سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی ) لەگەڵ ئەو مەبەستەی قسەکەر intention، کە دەیەوێت لەدەوروبەرە جیاوازو جۆراوجۆرەکاندا بە گوێگری بگەیەنێت ( پڕاگماتیك و واتای پڕاگماتیکیی ). لە هۆنراوەدا، دەشێت وێژەوان زانیاریی گشتیی سەر بە کولتووری کۆمەڵەکەی و زانیاریی کەسیی خۆی لەبەرگی واتای پڕاگماتیکییدا بەخوێنەر بگەیەنێت. نییوە بەیتەکانی >دوا هەفتەی تازە بەهریەتیی< و >ئاوێك لە لقەکانەوە/لە گوڵەوە بخواتەوە< ی بەیتی ( ١١ ) و ( ١٢ ) ی هۆنراوەکەی مەولەویی لەو چەشنە زانیاریی و واتایانەن.

**دروستەی دنیا world structure و دروستەی زمان language structure:**

چڕترین و ئاڵۆزترین پێڕەوێك، ئەم دنیایەی ئێمە هەیەتی، کە ئێمە تیایدا دەژیین. زمانیش وەك مۆدوولێکی مێشك[3] پێڕەوێکی لەو چەشنەی مێشکی مرۆڤە، کە سەربەخۆیەو لەگەڵ مۆدوولەکانی دییکەی مێشکدا لە پەیوەندیی کارلێکانەدایەو دەتوانرێت هەم لە خۆی و هەم لە پێکهاتەکانی components بکۆڵرێتەوە. زمان بۆ دەربڕیینی بیرەکانە، کە لە مێشکدا هەڵگییراون. دەربڕیینەکە بە دەم ( بەدەنگەکانی زمانی مرۆڤ ) یان بە نوسیینە ( پییتەکانی زمان و ڕێساکانی دروستنوسیین ). پێڕەوەکەی دنیا دروستەی هەیەو

[1] De Sausuure (1916 ), Chomsky (1955, 1968, 1986).
[2] Klenk, U. (1980, 1993), Ebneter, T. (1985).
[3] Garfield, J.L. (1987), Foder, J. (1983).

به دروستەکانی زمان وێنەیاندەگیردرێت و بە دەربڕیینەکان بەرجەستەدەکرێن. فەرهەنگ و ڕێزمان لە خزمەتی ئەو بەرجەستەکردنەدان. زمان هەڵسوکەوتەو بەکام زمانە بدوێین، هەر بەو زمانە هەڵسوکەوتدەکەین. ئەمە بۆ هۆنراوە، وەك هەڵسوکەوتی وێژەوانەکەی دەخوات.
مەبەست لە پێڕەوی زمان language system ئەو پێڕەوە هەمانکاتییەیە synchronic system، کە مرۆڤەکان ئەمڕۆ لەگەیاندندا پەنادەبەنەوە بەریی و سوودیلێدەبیینن. قسەکەرو گوێگر لەگفتوگۆکانی ڕۆژانەی نێوانیاندا سوودێك لە پێڕەوی دییرۆکیی diachronic system زمان و گەشەکردنە مێژوویەکی زمان نابینن. لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانرێت بە زمان و لەڕێی پێڕەوی هێماکانی زمانەوە لە ڕابودروو، ئێستاو ئاییندە بدوێین و قسە لەسەر هەموو چشتەکانی ئەم بوونە بکەین، بەبێ ئەوەی پێویستبکات ئەو چشتانە خۆیان لەبەردەستماندا بن: زمان دنیا دەهێنێتە بەردەستمان، بەبێ ئەوەی خۆیان لەبەر دەستماندا ئامادەبن[4]. هەر لێرەیشەوەیە، کە بە زمان وێنە ڕاستەقیینەکلنی دنیا بۆ وێنەی دییکە دەگوێزرێنەوە (مێتافەر) و دنیای جۆراوجۆری ناڕاستەقیینە دەهێنرێنە ئاراوە. بە زۆریی، وێژەوان ئەم کاردەکات و لە هۆکانی ڕاگەیاندنیشدا بەکارهێنراوە. مەترسیی بەرهەمە وێژەوانیەکان لەوەدایە، میلەتەکە بەرەو ئەوە ببرێت، بەردەوام لە دنیای ناڕاستەقیینددا/لە خەیاڵدا بژیی، بییربکاتەوەو هەڵسوکەوتبکات. مەترسیی لە ڕاگەیاندندا چەوت_بەکارهێنانیەتی بۆ هەڵخەڵەتاندن و خۆلکردنەچاوی تاك و گرووپەکان.
کولتوورو کۆزانیاریی (مەعریفە) ی جیهانیی و تاییەت بە هەر کۆمەڵێکییش هەن. هەدووکیان لە کردەی سەرکەوتووی گەیاندنا ڕۆڵی گرنگیان هەیە. گشت ئەو لایەنانە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە وشەکانی ناو فەرهەنگدا هەڵگییراون و پارێزراون. دنیابینیی و ژییربێژیی میللەت بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ لەو گەنجیینەیەدا ماون. وێژەوان بە هوشیاریی و بە ئاگالێبوونی تەواوەوە یاری بە گەنجی ئەو گەنجیینەیە دەکات، بەلام کەمەکیی، بەبێ ئاکالێبوونی خۆی داڕشتنەکانی بە ڕێزمانەکەی بەرهەمدەهێنێت.
وێژەوانە کلاسیکیەکان، بۆ نموونە، بە زۆری مەلای مزگەوت و خانەقاکان بوون و لە سەردەمی فەقێیەتیی و خوێندنیاندا بە گوندو شارۆچکەکانی کوردستاندا گەڕاون و بە ناچاریش جووتکارییانکردووە، بۆیە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەم بە ڕەهەندەکانی ژیانی لادێ و هەم بەوانەی شارەوە هەبووە. لەڕێیانەوە، وێژەوانەکان توانییویانە گەنجێکی گەورەی ئەو دوو دنیایەو ئەوەی جیهانی ئاینداریی خۆیان پێکبهێنن. بەو گەنجە فرە چەشن و فرە ڕەنگە ڕێگەی دروستیان بۆ وێنەگرتنی تەواوو وردی دنیاکان و بۆ یارییکردنی جوان بە وشەو دەربڕاوەکان بۆ ڕەخساوە. ئەمانە لەو وێژەوانانەی ئێمەدا کۆبوونەتەوە.

### ٢/١) ئەدگارەکانی زمانی مرۆڤ

#### ١_ زمانە سروشتیەکان

زمانە سروشتیەکان[5]، ئەوانەی خودا بە گیانلەبەر یان گیاندارەکانی داوە –زمانی مرۆڤ، زمانی هەنگ، زمانی دۆلفیین و ...– لەو زمانانە جیاکراونەتەوە، کە مرۆڤ خۆی دروستیکردوون –زمانی ئەسپەرانتۆ، زمانی

---

[4] محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩) و ئەو سەرچاوانەی، کە لەوێدا هێنراونەتەوە.

[5] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١_ا) و سەرچاوەکانی.

کۆمپیوتەرو ...- و بە زمانی دەستکرد ناسراون. زمانی مرۆڤ لەناو زمانە سروشتیەکاندا، لەڕێی ژمارەیەك لە ئەدگاری تایبەت بە خۆیەوە خۆی لەوانی دییکە جیاکردۆتەوە، کە دەتوانێت بەو جۆرەی ڕاڤەکرا، دەربڕی بییرەکان و هۆی وێنەگرتن و وێنە_گواستنەوەکان بێت: پێڕەوی هێماکانی بە جۆرێك کراوەیە، کە ڕێگەی بۆ گونجاندنی خۆی لەگەڵ پێداویستیەکانی مرۆڤدا خۆش و ئاسانکردووە. ئەمە دەرگایەکی لەم چەشنەی بۆ وشەدروستکردنی وێژەوان ئاوەڵاکردووە. هێماکانی زمان بە پلەی یەکهەم دەستووربەدەرو لەخۆوە دانراون، واتە بەستنی پەیوەندیی فۆڕم و واتا بەپێی یاسا یان مەرج نییە.[6] پاشانیش پێڕەوی مۆڕفۆلۆژیی، بەتایبەتیی ڕێساکانی وشەدروستکردنی (وشەلەیەکدان و هەڵگواستنی وشەی نوێ) و وەرگرتنی وشەی بیانیی زۆربوونی وشەکانی زمانیان ڕەخساندووە[7]. وێژەوانەکانیش خاوەنی ئەم وشەدروستکردن و وشەداهێنانەن و وەك ئامڕازو هۆکانی داهێنان لە بەرهەمە وێژەوانیەکانیاندا دەبیینرێنەوە. لەکاتێکدا ڕێزمانە جیهانیەکە مەودای ئەم بوارەیان فراوانتر کردووە، دەشێت ڕێزمانی زمانەکەو هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی، دەنگ، وشە، فریزو واتا ڕێگربن. ڕادەو ڕێژەی لادانەکان، بۆ نموونە لە وێنەگرتن و وێنەگواستنەوەکاندا دەردەکەون و ئاشکرادەبن.

دوو_دروستەیی یەکێکە لە ئەدگارە سەرەکیەکانی زمانی مرۆڤ، کە لەڕێیەوە لە توخمە بەراییەکان یەکەی گەورەو گەورەتر دروستدەکرێن: لە دەنگ وشە، لە وشە فریزو لە فریزەکان ڕستە دروستدەکرێن (فۆنۆلۆژیی، مۆڕفۆلۆژیی و سینتاکس). لە پڕۆسەکانی ئەو دروستکردنانەدا ڕەچاوی مەرجەکانی خستنەتەکیەك دەکرێن. مەرجە سینتاکسیی و فۆنۆلۆژیەکان گرنگترینی ئەو ڕێسایانە پێکدەهێنن. تەنانەت وێژەوانیش زۆر بەدەگمەن و لە سنووری زۆر دیارییکراودا بۆی هەیە لێیان لابدات[8].

پەیوەست بە توخم و یەکەکانەوە، لە دوو چەشنی واتا دەدوێین، کە واتای فەرهەنگیی وشەکان و واتای سینتاکسیی فریزو ڕستەکانن. هەبوونی واتای بنەڕەتیی وشەکان، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ڕێگەیان بۆ گواستنەوەی وێنەکان،واتاکان ڕەخساندووە. واتای فریزو ڕستەکان لە واتای فەرهەنگیی وشەکان و جۆری خستنەتەکیەك و خراوەتەکیەکان پێکهاتووەو ناوی '>>ناوەرۆك<<' ی لێنراوە. فریز یان ڕستە دەشێت دوو واتا یان زۆرتری هەبێت: ناوەرۆکی ڕستە، کە لەواتای فەرهەنگیی وشەکانی هاتۆتەئاراوە لەگەڵ واتای گوێزراوە، کە لەڕێی گواستنەوەی وێنەکانەوە بەرهەمهێنراوە. دەتوانرێت ناوەرۆکی ڕستە وەها دەربڕدرێت، کە بە مەبەستی قسەکەر لە دەوروبەرێکی دیارییکراودا بگەیەنێت. کەواتە واتا، چەشنەکانی واتاو واتالێکدانەوە ئەگەری زۆریان هەیە[9].

١_ا ) خێزانەکەم هات.

_ب ) خۆشەویستەکەم هات.

_پ ) گوڵەکەم هات.

---

[6] هەمان سەرچاوەی پێشتر.

[7] محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩_ا).

[8] بڕوانە، بۆ نموونە، کاروان عومەر قادر (٢٠٠٦ ) !

[9] محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩).

لەو ڕستەیەدا وێنەی چەند دنیایەك گیراوە، بەڵام تەنها (١_ا) یان وێنەی دنیای ڕاستەقینەی بەدەستەوەداوە:

خێزانەکەم: دنیای ژنومێردیی (تەنها هاوسەرەکەی یان هاوسەرەکەی و منداڵەکانی) یان دنیای ڕاستەقینە، بەبێ گواستنەوەی واتاو وێنەیە.

خۆشەویستەکەم: (ا) دنیای ڕاستەقینە، کە دنیای ژنومێردیی و خۆشەویستیی خێزانە. (ب) دەشێت دنیای ڕاستەقینەی خۆشەویستیی و دڵداریی بێت، (پ) بەڵام دەشێت دنیا ڕاستەقینەکە بەو ڕستەیە بەواتای پێچەوانەوە وێنەکەی گیرابێت/دەربڕدرابێت : واتاو وێنەی پێچەوانەمان دەداتێ، بۆ ئەوەی ناڕاستەوخۆ لە وێنە ڕاستەقینەکەی بگەین، واتە، دەشێت بە تەوسەوە گوترابێت، خۆشەویست نەبێت و نەیاربێت/ئەو کەسەی ڕقی لێیە، نەك خۆشیناوێت.

بۆ لێکدانەوەی دروستی هەر یەك لەو واتایانە پێویستمان بە دەوروبەرە گونجاوەکەو واتای وشەو ناوەڕۆکی ڕستەو کۆزانیاریی (مەعریفە) جیهانیی گشتیی و کۆزانیاریی تایبەت بە کۆمەڵی کوردەوارییە.

**٢_ ڕێزمانی گواستنەوەو بەرهەمهێنان** transformational and grammar

زمان توانایەکی بایەلۆژیی و بۆماوەیە، بۆیە دەیشگوترێت، کە خودا زمانی بە مرۆڤ بەخشییوە. لەم ڕووەوە ڕێزمانی جیهانیی و ڕێزمانی زمانەکمان، کە بەبێ ئاگالێبوونی خۆمان لە ئاخاوتنەکانماندا لە گۆکردن و بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندان، زانیاریی زمانیی شاراوەن و بە >>توانست<< competence ناسراوە. دەربڕاوەکان بە دەنگ یان بە نوسیین، بەرجەستەبووی توانستەکەن و ناوی ‘>>توانا<<’ performance ی لێنراوە. لێرەوە ئاستی قووڵی بنەڕەتیی underlying deep level و ئاستی ڕووکەشی ڕستە sentence surface level لەیەکجیاکراونەتەوەو ڕێسای s.o.v. بۆ ڕیزبوونی وشەو فرێزەکانی ڕستەی کوردیی پێیزانراوە. لەنێوان ئەو دوانەدا گواستنەوەو ڕێکخستنەوەکانی ڕیزبوونی وشەو فرێزەکان لەکاردان، پێیان ڕستەکان بەرهەمدەهێنرێن و لە ڕێزمانی گواستنەوەو بەرهەمهێنان قسەدەکرێت. گواستنەوەکان لە چەشنەکانی ڕستەی سەرجێناویی و ڕستەی باسمەند/هێنراوە پێشی کوردییدا هەن، کە لەجێی گرێ_گوێزراوەکە جێناوێك هەیە (٢_٣). جێگۆڕکێی سەرپشکیی گرێکانیش دیاردەیەکی دییکەی داڕشتنەوەیە (٤)[10]. لە بەرهەمە وێژەوانیەکاندا، ئەم دوانە تەکنیکی سەرەکیی دارشتنی وێژەوانیین.

٢_ا) ئەو ژنانەی، کە pro لەوێ دانیشتوون، pro خێزانەکانمانن.

_ب) ئەو ژنانەی، کە ئێوە سڵاوتان لێکردن، ئەندامەکانی پەرلەمان بوون.

٣_ گوڵەکان، کوڕەکان لێیانکردوونەتەوە.

[10] کاروان عومەر قادر (٢٠٠٦).

**٣/١ ) ئەدگارەکانی زمانی کوردیی**

**فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی :**

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆبکرێت، ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەیشدا زمانی کوردیی خاوەنی وشەی وەرگییراو ( بیانیی و خواستراو ) ی زۆرە، لە سەرەتای ئەم سەدەیەماندا تەقیینەوەیەکی بێ سەروبەر لە وەرگرتن لە زمانە ئەورووپیەکانەوە ڕوویداوە. لەبەرئەوەی جڵەوی دیاردەکە نەگییراوەو دروست ئاڕاستەنەکراوە، ئەمڕۆ کاردانەوەی چەوت و سبەی لێکەوتنەوەی چەوتری لێچاوەڕێدەکرێت. شارەزایی_نەبوون لە زمانی کوردییدا هۆی سەرەکیی ئەو پاشاگەردانیەیە : مۆرفۆلۆژیی کوردیی داڕێژەرییەو وەرگێڕ، بۆ نموونە، بەردەوام هەوڵدەدات وشەو دەربڕاوەکان وەك وشە وەربگرێت یان بە وشە وەریانبگێڕێت. ئەم کارەیش، نە بۆ زمانەکەمان دەشێت و نە لەگەڵییدا دەگونجێت. ئەوەی لە زمانێکی شییکەرەوەییدا analytical language بە وشەیەك دەردەبڕدرێت ( بڕوانە ئەم وشە عارەبیی، ئەڵمانیی و ئیٚنگلیزیانەو وشە کوردیەکانی بەرامبەریان : /ابوین، patter, Eltern ،وجە face, Gesicht )، لە زمانی کوردییدا بە چەند وشەیەك یان بە دەربڕدراوێك دێتەدەربڕیین ( /دایکوباوك، دەموچاو/ )[11]. پەیوەست بە باری ناوەوەی زمانی کوردییەوە، دەبێت بزانرێت کە دەستەلاتشکاندنەوەمان بەسەر دروستەکانی چەشنەکانی وشەو جۆرەکانی فرێزداو جیاکردنەوەیان لەیەکتریی پێویستیی سەرەکیین، بەتایبەتیی بۆ نووسەر، وێژەوان و وەرگێڕەکان. ئاشکرایە، کە داڕێژەریی مۆرفۆلۆژیی کوردیی توانای هونەری وشەدروستکردنی وێژەوانیی بۆ وێژەوان بەرزتر کردۆتەوە.

پۆلەڕەگەزە فەرهەنگیەکان و چەشنەکانیان : بۆ وێنەگرتنی دنیای ڕاستەقیینەو ئەوەی دنیا_ئەگەریەکان، وێژەوان لە بەرهەمێك یان بەرهەمەکانییدا سوود لە وشە، فرێزو دەربڕاوەکان دەبینێت و پێیان وێنەکان دەکێشێت. کەواتە بۆ ئەوەی تەواوو بەتەواویی گەنجی وشەکانی و پێڕەوەکەی پێکبهێنرێنەوە، شییکردنەوەو جیاکردنەوەی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکانی lexical categories وەك ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردارو کردارو چەشنەکانیان ئەو تەرزە دروستەییانەی structural patterns تیایاندا هێنراوەتەوە، گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە. هۆی ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وێنەکانی هەردوو چەشنی دنیاکەو جۆرەکانی بە واتای وشەو ناوەرۆکی دەربڕاوەکان تەواودەبن، کە بەشی هەرەزۆری بەرهەمی وێژەوانەکە خۆیەتی. لەناو وشەی لێکدراودا کۆمەڵێکی تر لە زانیاریی و کۆزانیاریی گشتیی بەشاراوەیی هەن، تێڕوانیین و بینیینی تری بەرهەمهێنەرەکەمان دەدەنێ. ناسین، ناسینەوەو جیاکردنەوەی تەرزەکانی دروستەکانیان، پۆلەڕەگەزو واتاکانیان تەواوکەری ئەو هەوڵەو شییکردنەوەکانیین.

بەشێکی هەرە زۆری وشەمۆرفۆلیێژیەکان morphological words، کە لەڕێی وشەدروستکردنەوە هێنراونەتەبەرهەم، لەو چەشنەن، کە تەنها لەڕێی لەبەرکردنەوە ( دەرخکردن ) تێیاندەگەین و فێری بەکارهێنانیان دەبیین. پەیوەندیی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم وشانە لەو بابەتەن، کە پێکەوەهاتن و هاوڕێیەتییکردنی تایبەتیی بەیەکیەوەبەستوون. لەم ڕووەوە، ئەم وشانە زۆرتر لە کۆمەڵەوشە collocation دەچن و بەشێك لە دنیابینیی و تێگەیشتنمان لە بوون پێکدەهێنن. ئەم وشانە

---

[11] محەمەدی مەحویی ( ٢٠٠١_ا، ٢٠٠٩، ٢٠١-_ا، ٢٠٠٩_ب ).

لەگەڵ ئیبدیەم، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا وەك گە نجی ژیربێژیی، دییدو بۆچوونی كورد دەربارەی دنیا، ژیان و مردن و ... هتد. یان لەناخیاندا حەشارداوە.

**سینتاكس و بەرهەمەسینتاكسیەكان:**

وەك زمانێكی سەرەكیی سەر بە زمانە ئێرانیەكان، كوردیی خاوەنی پێڕەوێكی ئەرگەتیڤیی لەو جۆرەیە، كە وشەو ڕستەكانی جێكەوتەی چەسپاویان هەیەو ڕێكەوتن لە نێوانیاندا پەیوەندیەكانیان دەچەسپێنێت و دەیا نحاتەڕوو. كەرەستەكانی ڕێكەوتنەكان جێناوەبەندەكانن، كە بەهەڵە جێناوە_بكەریەكانیان بە جێگرەوەی بكەر دانراون. ئا لێرەدا ئاماژە بەوە دەدرێت، كە زمانی كوردیی، وەك ئیسپانیی و ئیتالیی و ... هتد.، یەكێكە لە زمانە بكەرخراوەكان pro-drop-languages. لەم زمانانەدا دەشێت بكەری ڕستە بە دەنگ دەرببڕدرێت و بەرجەستەبكرێت یان نا (٤)[12].

٤_ا) (ئارامی برام) سڵاوتانلێدەكات.

_ب) (pro) سڵاوتانلێدەكات.

تێكەڵبوونی یان لەحیبمبوونی پێكهاتەكانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاكسی ڕێزمانی كوردیی پێكەوە ئەوەمان پێدەڵێت، كە بەركار دەتوانرێت بئاخنرێتەناو كرداری ڕستەكەوەو لە شێوەی جێناوی لكاوی بەركارییدا دەربكەوێت (٥). ئەم زمانانە ناونراون زمانە تێكئاخنراوەكان[13]. تاوەكو ئەمڕۆ لەسەر چۆنیەتیی، پێویستیی و ئەگەرەكانی سوودبینیین لە ڕستەو كرداری ئاڵۆزی ناسراو بە مۆرفۆسینتاكس morphosyntax/complexverbs[14] لە بەرهەمە وێژەوانیەكاندا لێكۆڵیینەوەی زانستیی ورد نەكراوەو نییە. لەم ئەدگارەوە بەو ڕاستییە دەزانیین، كە سینتاكسی كوردیی فرەمۆرفێم و لكاوییە. بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە، قاڵبی ڕستەمان، بە جێكەوتە چەسپاوەكانی بكەر_بەركار_كردارەوە، لەبەردەستدایە. لەكۆتایی قاڵبەكەدا، جێكەوتەی كردار وەك سەری ڕستە هەیە. مۆرفۆلۆژیی و سینتاكس، هەردووكیان سەركۆتایین.

**گرێ/فرێزو چەشنەكانی:**

گرێكانی ڕستە جۆراوجۆرن و دروستەی جیاوازیان هەیە[15] و لێردا پێویستەكانیان دەهێنرێنەوە:

---

[12] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١_ا) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا سوودیانلێبیینراوە.

[13] محەمەدی مەحویی (٢٠٠١_ا، ٢٠١٠_ا).

[14] محەمەدی مەحویی/نەرمیین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤).

[15] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥).

١_ا ) دیاریکراو : <کوڕەکوردەکە>، <کوڕەئازاکە>، ( ناسراو )

_ب ) دیارینەکراو ( خستنە پاڵ ) تاك و كۆ : <کوڕێکی کورد>، <کوڕی کورد>،

<کەسانێکی زۆر>، <سامانێکی زیادە>،

( نەناسراو )

٢_ ) خاوەنداریێتیی و بۆگەڕاوە : <کوڕەکەی من>، <دەستی چە پم>،

<دەرگای ژوورەکە>، <سەرمای زستان>.

( ناسراو )

٣_ ) گشتیی ( تاك ) : <زستان> <زستان ساردە>،

<منداڵ> <منداڵ بێتاوانە>،

( تاکی گەلیی ) <دار> <دار لەدارستان زۆرە>

( کۆ ): <زستانان دێینەوە گەرمیان>،

<منداڵان پیاوی داهاتوون>.

٤_ ) تایبەتیی ( تاك ) : <کەرکووك شارێکی خوارووی کوردستانە>،

<تا نجەرۆ بە خوار سلێمانییدا تێدەپەڕێت>،

<مەحویی ویژەوانێکی کوردە>.

## بەشی دووهەم

## ڕێگەو ڕێبازی شییکردنەوەو لێکدانەوە

بییرە هەڵگگیراوەکان لە مێشکدا بە وشەو فرێزە ڕێکخراوەکان لە بەیتەکاندا بەنوسیین و پاشان بەدەنگ دەردەبڕدرێن. بەیتەکان لە دوو ئاستدان، کە ئاستی تەکنشینیی و ئاستی جێنشینیین. کەواتە لێکدانەوەی واتاو وێنە گوێزراوەکان ( مێتافەر ) و دەرخستنی وێنەکانی دنیاکانی ئەندێشەی وێژەوان لەسەر دوو ئاست جێبەجێدەکرێن و بەدەستدەخرێن.

١/٢ ) ئاستی ئاسۆیی/تەکنشینیی/سینتاگمیی

ڕێبازی توێژیینەوەو شییکردنەوەکان بریتیین لە ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە، واتە لەیەکترازاندن و جیاکردنەوەی جومگەو گرێکان لەگەڵ ڕێبازی پێکهێنانەوەیان بۆ بەدەستخستنەوەی گشتەکە. لەم ڕوونکردنەیەوە ئاشکرادەبێت، کە یەکێتیی بابەت لە هۆنراوەکەدا هەیەو، کە یەکێتیکەی لەڕێی وشەکان و بلۆکە_وێنەکانەوە کراوەو بەدییهێنراوە. وشەکان هەم پەیوەندیی نێوان بەیتەکان و هەم بەستنەوەی پارچەو بلۆکە__وێنەو وێنەکانیان مسۆگەر کردووە. وێنەکانیش وەك ناوەرۆك بەیەکەوە گرێدراون: لە ئاستە ئاسۆییەکەدا، پەیوەندییە سینتاکسیەکانی نێوان وشەو فرێزەکانی ڕستەو واتا_فەرهەنگیی و

واتـا_سینتاكسیەكان نوێنراون. گەڕانەوە بۆ ئاستی قووڵ و ڕێكخستنەوەی سـەرەوڕیزبونی وشـەو فرێزەكـان ناوەرۆكی هەر بەیتێكمان دەداتێ، بۆیە لێكدانەوەی هـەر بـەیتێك، لـەڕێی گەڕانـەوەوە بـۆ فەرهـەنگ و بـۆ پەیوەندییـە سینتاكسیەكان دەگێڕدرێتـەوە. ئاسـتی تەكنـشینیی ئاسـۆیی ئاسـتی دروسـتكردنی دروسـتەو بەرهـەمهێنانی ڕسـتە_ناوەرۆكـە content/proposition و لـە دەربڕیینـدا بەرجەسـتەبووە. ئـەم بەرجەستەبوونەیان بریتییە لە >>توانا<< performance. لەم ئاستەدا پێكەوەهاتنی واتـایی وشـەو مۆرفیمەكانی، بۆ نموونە، ناو دروستەی فرێزەكان هەن و یاریانپێكراوەو لادان لە یاساكانی بەرهەمهێنانیان هەستپێیدەكرێت و دەدۆزرێتەوە. بەرامبەر_بەیەكدانانی جووتـە وشـەو جووتـە فرێـزە واتاخوێشەكانی دوو ڕستە/دوو بەیت، ڕێگەی دۆزیینەوەو دیـارییكردنی پەیوەندییـەكان و دەستنیيشانكردنی وێنـە گشتییەكەی بیرۆكەكانی هەر بەیتێكە لە چێوەی ناوەرۆكی واتـاییدا.

٢/٢ ) ئاستی جێنشینیی/ پەرادیگمایی ( پەیوەندییە ئاوەزیەكانی ناو مێشك/ پێڕەو )

پەیوەندییـە جێنـشیینیە ناوەرۆكیـەكان لـەنێوان بەیتـەكان و پارچـەو بلۆكـە_بەیتەكانـدان. لـەو پەیوەندیانـەدا وێنـەكان بـە شـاراوەیی یـان ئاشـكراو لـەڕوو هـەن. وێنـەكان وێنـەی ئـاوەزیین و دنیـا_ئەگەریـەكانی وێژەوانەكـە دەنـوێنن. بـەم جـۆرە، ئاما نجـە سـەریەكەكە دۆزیینـەوەی پەیوەندییـە جێنشینیەكان و دروستبوونی پارچەو بلۆكە_وێنەكانە، كە لێكۆڵەر لەڕێیەوە بەوەی گشتەكەیان.

پەیوەندیی ستوونیی نێوان دوو بەیت یان زۆرتر لە ئاستێكی قووڵدا پەیوەندیی واتـایی نێـوان وشـەو فرێـزە هاوتەرییبەكانەو لەئاستێكی بەرزتردا پەیوەندییەكی ئاڵۆزو ناوەرۆكیی و مەبەستییە :

( ا ) لـە گێڕانـەوەی هـەر ڕسـتەیەكدا/بەیتێكـدا بـۆ دروسـتەو ڕییزبـوونی ئاسـتی قـووڵی، جـووت_وشـەو جووت_فرێزەكان لە هاوتەرییبەكدا بەرامبەر بەیەكدەوەستنەوەو ئەمیان ئاستی واتاییەو لەگەڵ یەكترییدا بەراوردەكرێن. ئاستی ئاسۆیی یان تەكنشینیی، ئەو ئاستەیە، كە دەتوانرێت تو خمەكان تیایدا بگۆڕدرێن.

( ب ) لە ئاستێكی بەرزتری ستوونیی و جێنـشیینیدا وێنـەكانی/بیرەكـانی نـاو مێـشكی وێـژەوان لـە شـێوەی پێڕەوێكـدا داڕێـژراون و بـە >>توانـست<< دادەنرێـت. ئـەم ئاسـتەیان ئاسـتی وێنـە بـچووك و گـەورەترو گەورەترەكانـە، كـە وێنـە گـشتیەكەی هۆنراوەكـە پێكـدەهێنن. لـەم ئاسـتەیاندا، وێنـەكان بـە وێنـەكان تەواودەكرێن. ئاستی توانست ئاستی چەسپاویی و نەگۆڕییە.

تاقییكردنەوە: بەراوردكردنی ناوەرۆكی واتـایی هۆنراوەكە بە گە نجینەی وشـەكانی فەرهـەنگیی كـوردیی و گە نجینەی وشەكانی وێژەوانەكەو هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ناونیيشانی هۆنراوەكـەو هۆنراوەكـانی دییكەیـدا كۆتـایی بەم هەنگاوەی شییكردنەوەكە دەهێنێت. بەداخەوە، كات مەودا نادات لێرەو لەم لێكۆڵیینەوەیەدا ئەم هەنگاوانەی كۆتـایی جێبەجێبكرێن.

لە لێکۆڵینەوە وێژەوانیەکاندا[16]، ئەو کورتەو پوختەیەی پەیوەندییەکان لەو دو ئاستەدا، لە لێکدانەوەی واتایی پێکەوەهاتنەکانی وەك چەشنەکانی گرێ phrase و کۆمەڵەوشە collocation دا کراوە:

لە دروستەو پەیوەندیی تەکنشینیی هەر یەك لە فرێزەکانی (ا) <خەیاری گوڵبەدەم> و (ب) <گوڵەکەم> ی ڕستەی <گوڵەکەم هات> دا، بۆ نموونە، [دەرخراو+دەرخەر] و 'کنایە' هەن. لە (ا) دا <گوڵبەدەم> واتای (ناسك) و لە (ب) یشدا <گوڵەکەم> واتای (مرۆڤ) یان وردتر بڵێین واتای (یارەکەم) ی هەیە.

لە ڕووی سێمانتیکییەوە، نە /گوڵ/ ڕۆیشتنی هەیەو نە /خەیاری/ یش گوڵی بەدەمەوەیە. لەم دروستەو پەیوەندییەدا، /گوڵ/ و /گوڵبەدەم/ هەرگیز واتای بنەڕەتیی/ئەسڵیی خۆیان ناگەیەنن. ئەوەتا، لە (ب) دا /هاتن/ نزدییکی/قەریینەی /کەس/ ەکەیەو پەیوەستە پێیەوە، بۆیە ڕێگەنادات، /گوڵ/ واتا بنەڕەتیەکەی خۆی بگەیەنێت.

لە دروستەو پەیوەندییە جێنشینیەکاندا، دەرخراو دەرخراوەکەیەو دەشێت واتا بنەڕەتیەکەی بگەیەنێت. هەر وەك لە (پ) دا دەردەکەوێت، پەیوەندییە جێنشینییەکە 'خواستن' یان 'ئیستیعارە' یە. لەبریبدانانەکانی /یار، هاوسەر، ژن، خۆشەویست، .../ لە جێگەی /گوڵ/ لە ئاستە ستوونییە جێنشینیەکەدا پەیوەندییە ئاوەزیەکەو بەم جۆرە وێنەو لێکدانەوە ئاوەزیەکە پێکدەهێنێت.

(پ) گوڵەکەم هات.

یارەکەم هات.

ژنەکەم هات.

خۆشەویستەکەم هات.

.

.

.

لەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستتاندا، لێکۆڵەران بەدەر لەو پەیوەندیانە، مەبەستیان پەیوەندییە ئاوەزیەکانی ناو پارچەو بلۆکە بەیتەکانە، کە وێنەی تەواوو تەواووتریان پێکهێناوە. ئەم چەشنە شییکردنەوەیە بۆ ئەوانەی ناو پارچەیەك یان بلۆکێك گرنگیی خۆی هەیە. لێرەوە ئاشکرادەبێت، کە ئەم شییکردنەوانە لەو چەشنە شییکردنەوانە جیاوازە.

---

[16] لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ د. عبدالسلام سالار عبدالرحمن، لە ٢٠١٠/٧/١٢ دا لە بەشی کوردی_کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی، بەڕێزی ئەم ڕوونکردنەوانەی پێشکەشکردیین.

## بەشی سێهەم

## شیکردنەوەی دوو هۆنراوەی دوو وێژەوان

شیکردنەوەی هۆنراوەیەکی مەحویی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی شێوازی تایبەت بەخۆیدا، کە هەڵبژاردنی وشەکان و هونەری بەکارهێنانیان لە دروستەکانداو جۆرەکانی داڕشتنەکانی دەگرنەوە[17]، بە پێی ئەم هەنگاوانە : تێبینیی ئەوە بکەن، کە زمانی نوسیینی هۆنراوەکان، زمانی نوسیینی دییوانەکان خۆیانە[18]، واتە وەك خۆیان، بەبێ هییچ گۆڕیین و گۆڕانکارییەك نووسراونەتەوە.

(ا) گێڕانەوەی هەر بەیتێك وەك ڕستەیەکی ئاستی ڕووکەش بۆ نواندن و داڕشتەی ئاستی قووڵیی، لەڕێی ڕەچاوکردنی ڕێسای سەرەوڕییزبوونی .so.v (بکەر + ئاوەڵکردار/فرێزی پێشناویی + بەرکاری ڕاستەوخۆ _کرداری کاتوکەسدار) و جێگۆڕکێکردنەکانەوە بە گرێ (فرێز) و وشەکانی، جێبەجێدەکرێت. لەم حاڵەتەی نواندنی ئاستی قووڵدا، بەشێوەیەکی سەرەکیی، پەنادەبرێتەبەر داڕشتەی سینتاکسیی و سێمانتیکیی لە شێوەی لێکدانەوەدا. لە جیاکردنەوەی گرێ و پارچەکانی segments ڕستەو دانانی ژمارەو پییتدا بۆیان دروستەی سینتاکسیی و واتاییان دەچەسپێنرێن : لەگەڵ ئەوەیشدا حساب بۆ وشەو کرداره بە لێکسێمبووەکان وەك دانەی سەربەخۆ دەکرێت. لەبەرئەوەی کرداره ویستوئارەزووهێنەرەکان و کرداره ویستوئارەزووەکانیان یەکەیەکی سینتاکسیی بەیەك تافەوە پێکدەهێنن، هەردووکیان بە یەك کردار دادەنرێن[19] : /سەرخۆشکردن، بیهۆشکردن، .../، >پێویستە، (pro) هەر ئێستا بنوون<، >دەبێت (pro) زوو بڕۆن<). کرداری وەك >دایەبەر گوللە<، >بۆتە دۆشەك< لەلایەکەوە کاتوکەسدارن و لە سینتاکسدا دروستدەبن، واتە وەك وشەی فەرهەنگیی نیین (*/دانە بەر گوللە/، */بوونە دۆشەك/) و لەلایەکی ترەوە لەڕووی سێمانتیکییەوە بەیەك یەکەی دووپەلکیی دادەنرێن.

(ب) نوسیینی جیاو بەسەریەکەوەی وشەکان بە پێی نواندنی بنەڕەتییان، وەك ئەوەی لە فەرهەنگدا تۆمارکرابێتن، پەیڕەوکراوەو توخمە دەرنەبڕدراو یان قرتێنراوەکانیشیان هێنراونەتەوەو نووسراونەتەوە. لەدەقەکاندا، هەروەها ڕەچاوی جۆری دەربڕیین لە زمانی نوسییندا کراوە. بۆ نموونە، بەو جۆرەی، کە ڤاوڵە کورت و درێژەکان دەبیسترێن، بەو شێوەیەیش بە یەك پییت یان بە دوو پییت دەنوسرێن :

ا_

بکەری دەرنەبڕدراو >(pro) ناندەخۆین<.

توخمی قرتێنراو : >دەبارێت< [دەبارێ]

(پ) دەرهێنانی پوختەی واتایی بەیتەکان و جیاکردنەوەو دستنییشانکردنی دییمەنەکان.

(ت) بەستنەوەی دییمەنەکان بەیەکەوە (دروستکردنی دییمەنی گەورەتر)، تا (ا) لە کۆتاییدا دییمەنە گەورەکە وەك شانۆگەرییەك دەچەسپێت و (ب) بەدەستخستنی واتاو پەیوەندیی نوێ.

---

[17] بڕوانە حەمە نووری عومەر کاکی (٢٠٠٩) و بەراوردی بکە لەگەڵ ئەم هەوڵە زانستییەی بەردەستاندا !

[18] دیوانی مەحویی(١٩٨٤)، دیوانی مەولەوی (١٩٩١).

[19] بەراوردییکە لەگەڵ ڕووناك مەحموود (٢٠٠١ ) و عەبدولجەبار مستەفا ( 2005 ) !

( ج ) دۆزینەوەی پێکەوەهاتنەکان (کۆمەڵەوشە ) لە نێوان بەیتەکاندا، لەسەر ئاستی ستوونیی/جێنشینیی.

**تێکستەشیعرییەکەی مەحوی**

وتی: بۆچیی وەها بێ تین و بێ ڕەنگ ؟
وتم: تۆ بۆچ ئەوەندە شۆخی یو شەنگ ؟ ( ١ )

گەیشتن بەو شەهی عالیی مەقامە
نیە، فکرم، خەیاڵم خاوە، پێ لەنگ ( ٢ )

هەتا لەو یاری دەمسازە جودا مام
وەکو نەی بێ نەوا کەوتوم و بێ دەنگ ( ٣ )

دەگەییە مەنزلی سەلما بە صەد قەرن
بە گامێ گەی بکەی گەر صەد فرسەنگ ( ٤ )

یەکێ عاشق بەخوو، یەك طالبي ڕوو
یەکێ مەجبووری بۆ، یەك مایلی ڕەنگ ( ٥ )

خە ط و زاری کە باسی کەوتە گوڵزار
کەچ ئەستۆ ما وەنەوشە، غونچە دڵ تەنگ ( ٦ )

جیهانی کردە سەرخۆش و مەدهۆش
لەبی وەك بادە، خططي سەبزی وەك بەنگ ( ٧ )

مەگەر خوێنم سیجافیی بێ بەری دەم
کەوا ئەو دامەنەم کەوتۆتە بەر چەنگ ( ٨ )

دڵی سەنگە، دەبارێ گوڵ بەسەریا
ئەوی گوڵ بوو، زەمانە دایە بەر سەنگ ( ٩ )
کە بۆتە دۆشەك (اظفار المنیة )
لە نائەهلان ئەوەندەم دییوە سەرچەنگ ( ١٠ )

بتان ئەمڕۆ لە فەضلي ئێمە دەدوان

**فەڕەنگ ئیشی چ بێ ((مەحویی)) بە فەرهەنگ ! (١١)**

**دەستپێك:**

**وتی: بۆچیی وەها بێ تین و بێ ڕەنگ ؟**

**وتم: تۆ بۆچ ئەوەندە شۆخی یو شەنگ ؟ (١)**

**١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦**

**ا ب ا ب ا ب**

**(ئەو) وتیی، بۆچیی (تۆ) وەها بێ تیین و بێ ڕەنگییت**

**(من) وتم، بۆچی (تۆ) وەها شۆخ و شەنگییت**

**ا ب**

**١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦**

**تابلۆ گشتییەکە بە گفتوگۆیەك دەستپێدەکات، کە لەڕێییەوە خوێنەر دەباتە ناو دیمەنە درشت و وردەکانیەوە:**

**هەر لەم سەرەتایەوە، بە ڕێبازێکیی تایبەتیی و بە داڕشتنێکی ستوونیی، گفتوگۆی نێوان یارو مەحویی وێژەوان لە شێوەی پرسیارو وەڵامدا (وەڵامدانەوە بە پرسیار) دەستپێدەکات و ناونییشانێکمان بۆ هۆنراوەکەی دەداتێ، کە لەم دەربڕاوو چەمکانە پێکهاتووە:**

**شۆخیی یار و بێ تینیی مەحویی**

**شەنگیی یارو بێ ڕەنگیی مەحویی**

**بەرهەمی بەرامبەربەیەکدانانی ئەو واتایانە/چەمکانەو ئەم کارەی، کە ناوەرۆکی گشتیی هۆنراوەکەی لەسەر بنیاتنراوە، پەیکاڵ لەگەڵ تێزو تیۆرییەکەی** de Saussure (1916) **دا، پێڕەوەکەی ناومێشکیەتی بۆ هۆنراوەکە. کەواتە ئەو وێنە ئاوەزییەیە، کە شاعیر کێشاویەتیی و بە وشەو فرێزەکان بەرجەستەیکردووە:**

**تۆ لەمن دەپرسییت، کە بێتیینم و هۆکەیشی شۆخی تۆیەو پرسیار لە بێ ڕنگییم دەکەیت، کە بۆ شەنگیی تۆی یار دەگەڕێتەوە. شۆخوشەنگیی یار بۆ دڵدار دەبنە مایەی خۆشیی و بەختەوەریی، بەڵام بۆچیی بۆ مەحویی بوونەتە هۆکاری بێ تینیی و بێ ڕەنگیی ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، بەچەند ناوەرۆکێك چەند وێنەیەك کێشراون:**

**(ا) جیایی، پێنەگەیشتن و هۆکارەکەی (پایەبڵندیی یار، دووریی و بێ پایی).**

**بێ نەواو بێدەنگیی مەحویی،**

**(ب) جوانیی و لەباریی یار**

خوو، بۆ، ڕوو و ڕەنگ
موو_باریکیی، دەم_بچوکیی
لەب و سەرخۆشکردن، موو و مەدهۆشکردن

( پ ) دەستگەیشتن بە دامەنی ئەو یارە بەو ئەدگارانەوەو بەرنەدانی، ئەگەر خوێنیشی بڕژێنرێت.

( ت ) خرا پە بینیین لە زەمانەو نائەهلان، لەگەڵ ئەوەیشدا
نائەهلان لە فەزڵی مەحویی دەدوێن، نازانێت چییانلێیدەوێت.

وەڵامی هەر یەك لەو پرسیارانە لە بەیتەکانی خوارەوەدا هێنراونەتەوە، کە خۆیان لە نەگەیشتن بەو شۆخوشەنگیەی یاری پایەبەرزدا دەبیییننەوە. هەر وەك ئاشکرادەبێت، بنەمای ئەو پێنەگیشتنە تەنها لە دورییدا نییە. کەواتە هۆکارە بنچیی و سەرەکییە شاراوەکانی لە دییمەنەکانی داهاتوودا دەردەبڕێن.
هەردوو جووتە چەمکەکەی ‘شۆخیی‘ و ‘شەنگیی‘ لەگەڵ ‘بیتینیی‘ و ‘بێ ڕەنگیی‘ ناوەرۆکی ناونیشانی هۆنراوەکەیان داڕشتووە. لەسەر ئەم ناوەرۆکە دوانییە دژبەیەك و تەواوکەری یەکتریەیە، کە بە وشەو واتاکانیان لە پەیوەندییە جێنشینیەکەدا دییمەنە چنراوەکەمان پێشکەشدەکات، بۆیە وشە پەیوەندییدارەکان بەو چەمکانەوە چەندیین جار، بەڵام بە پێی پێویست، دووبارەبوونەتەوە.

کێشە
گەیشتن بەو شەهی عالیی مەقامە
نیە، فکرم، خەیاڵم خاوە، پێ لەنگ ( ٢ )

٤ ٢ ١
ا ب ا ب ا ب
گەیشتن بەو شەهی عالی مەقامە لە فیکرما نییە
( گەر بیریی لێبکەمەوە ) خەیاڵم خاوە، ( چونکە ) لەنگم
ا ب ا ب ا ب
٣ ٢ ١

( ا ) لێکدانەوەی یەکەم: مەحویی بیر لە گەیشتن بەو یارە پایەبڵندە شۆخوشەنگە ناکاتەوە، خۆ گەر فکریلێبکاتەوە، ئەوا بۆیە خەیاڵی خاوە، چونکە هۆو ئامێری تەواوی گەیشتن بەو مەبەستەی نییە. کەواتە لەبەر ئەو هۆیەیە، کە بییر لە گەیشتن بەیار ناکاتەوە.

( ب ) لێكدانەوەی دووهەم: بۆیە ناكرێت شاعیر بییر لە گەیشتن بە یار بكاتەوە، چونكە یاری پایەدار بۆ ئەو خەیاڵی خاوە. سەرەڕای ئەوەیش شاعیر خۆی هۆو ئامێری تەواوی بۆ ئەو مەبەستە نییە.

لە پەیوەندیی تەكنشینییدا ( ئاسۆیی/سینتاكسیی ) جومگەكانی <شاهی پایەبڵند>، بۆیە پەیوەندییەكی ئاساییە، چونكە /شا/ بۆخۆی خاوەنی پایەی بڵندو بەرزە. كرداری /گەیشتن/ لە فەرهەنگدا، لەتەك چشتی وەك هییواو ئاواتدا، بۆ نموونە، بەتایبەتی بۆ مرۆڤ بەكاردەهێنرێت. كەواتە لە <گەیشتن بە شاهی پایەبڵند> ~ <گەیشتن بە یاری پایەبڵند> دا ڕێكەوتنێكی واتایی و ڕێزمانیی لەناو_فەرهەنگدا چەسپاو هەیە. لەنێوان هەردوو بەیتەكەدا <لەفیكردانەبوونی گەیشتن بەو یارە> و <خەیاڵ_خاویی> تەواوكەری هۆكارانەی یەكتریین. واتە، ئەو دوو بەیتە بەم پەیوەندییە بەیەكەوە گرێدراون. لەلایەكی تریشەوە، بە پەیوەندییەكی هۆكاریی_لۆژیكیی بەیەكەوە گرێدراون، كە نەبوونی هۆوئامێری ئەو پێنەگیشتنە ( لەنگیی ) لە ئارادایە: لەنگیی وەها لە مەحویی دەكات، خەیاڵی خاوبێت، گەر بییر لە گەیشتن بەو یارە پایەبڵندو شۆخوشەنگە بكاتەوە. هەر وەك دەبینن، وێژەوان لە بییرلێنەكردنەوەوە بەرەو خەیاڵ_خاویی و ئەوجا بەرەو هۆكارێك ( لەنگیی )، كە هۆكارەكانی پێشتری ( شۆخوشەنگیی و پایەبڵندیی ) لەخۆیدا هەڵگرتووە، لە داڕشتنەكەیدا ڕۆیشتووە.

لە پەیوەندییە جێنشینیەكانی ئەو دوو بەیتەدا <گەیشتن بە یارو بییرلێنەكردنەوە> لەگەڵ <یاری پایەبڵندو خەیاڵی خاو> بەرامبەربەیەك دانراون و تەواوكەری یەكتریشن. ئەو دوو جووتە بە هێنانەوەی هۆكاری نەبوونی هۆو ئامێر پەیەكەوە گرێدراون. كەواتە لەنێوان هەر دوو توخمی بەرامبەر بەیەكدانراودا واتایەكی نهێنیی بۆ لێكدانەوە خۆی حەشارداوە، كە لە لێكدانەوە واتاییەكەی ( ب ) دا ڕوونكراوەتەوە.

هەر لەم دییمەنەدا هۆكاری بێ تینیی و بێ ڕەنگیی خۆیشی بەیاندەكات، كە نەگەیشتنێتی بە یارێك، كە پایەبڵندەو شۆخوشەنگە. بەم جۆرە، مەحویی ناوەرۆكی ئەم دوو بەیتە بە ناوەرۆكی دوو بەیتەكەی یەكهەمەوە دەبەستێتەوەو بەم پێڕەوە بچووكە جێنشینییەی دییمەنێكی تەواوترمان دەخاتەبەرچاو. بەم شێوەیە، گرێدانەكە لەسەر ئاستی ناوەرۆكی هۆو ئەنجامە نەك تەنها لەسەر ئاستی ڕێزمانی داڕشتن و بەكارهێنانی سینتاكسیی وشەو فرێز یان دروستەكانیان.

هەتا لەو یاری دەمسازە جودا مام
وەكو نەی بێ نەوا كەوتوم و بێ دەنگ ( ٣ )

١ ٢ ٣ ٤

ب ا

تا ئەو كاتەی، ( من ) لەو یارە هاودەنگە جیامامەوە/دووربووم
( كاتینەزانرو ) ( من ) وەكو نەی بێ ئاوازو بێ دەنگ كەوتووبووم/مامەوە

ب ا ب ا

١ ٢ ٣ ٤

کردارەکانی >جودا مام< و >کەوتووم< لەڕووی ڕووکارەوە aspect لەگەڵ یەکترییدا ناگونجێن، بۆیە لەبری دەربڕاوی >لەوکاتەوە< واتای ئەوەتی ) پێدراوەو لاسەنگییەکەی پێهاوتاکراوەتەوە.

لە دێڕی یەکەمدا پەیوەندیی تەکنشینیی 'وێژەوان و یاری هاوەدەنگ' گرێیەکی سینتاکسییان بەرهەمهێناوە. لە دێڕی دووهەمدا 'شاعیرو نەی بێ ئاوازو بێ دەنگ' فریزێکی تریان دروستکردووە. لە کولتووری جیهانییدا ئەو پێکەوەهاتنانە ( >وێژەوان و یار/خۆشویستیی< و >وێژەوان و هۆنراوە بە ئاوازەوە< ) سروشتیین، بەو واتایەوە، کە لە فەرهەنگ و وشەنامەدا تۆمارنەکراوەو هەڵنەگیراوە. کەواتە >یاری هاوەدەنگ< و >وێژەوان و چواندنی بەنەی< لە پەیوەندیی هاوواتاییدان و ئەویان تەواوکەری ئەمیانە.

لە ئاستی جێنشینییدا، ئەوجا، لە دێڕی ژێرەوەدا دەربڕاوی >ماوەو کاتی نەزانراو< یان >بەردەوامیی و بەسەرچوونی ماوە< ی دەرنەبڕدراو بەرامبەر بە >تا ئەو کاتەی< هەیە. لەناو دوو گرێکەدا >یار ی هاودەنگ< و >وێژەوانی/نەی بێ ئاوازو بێ دەنگ< و >جیاماوم< و >کەوتووم< یش بەرامبەر بەیەك هێنراونەتەوە. لەناو ئەو دوو فریزەدا >خۆی و نەی< وەکیەك دانراون. لەبەر ئەو پەیوەندییە تەکنشینیی و جێنشینیانەیە، کە دەبێت ناوەرۆکەکە بەم جۆرە لێکبدرێتەوە:

ئەوەتەی/هێندەی –دەمێکەو درێژخایەنە- ئەو لە یاری هاودەنگی جیاو دوورە، بێ ئاوازو بێدەنگ و خامۆشە (بێ بەرهەمە). یار –وەك شمشاڵ_ژەن- هاودەنگ و دەمسازی بووەو –ئەمیش وەك وێژەوان-سەرچاوەی ئاوازو دەنگەکانە، بەڵام لە ئامادەنەبوونی ئەودا ئەمیش خامۆشە. زرنگە دەنگ دروستدەکات و دەنگەکانیش ئاواز بەرهەمدەهێنن[20]. لێرەدا بۆیە جەختخراوەتە سەر ئاواز، چونکە شمشاڵ ئاواز دەردەکات و لە ئاوازدا دەنگەکان دەناسرێنەوە. ئەمەیش پەیکاڵی ڕستە_ناوەرۆك و وشەو واتاکانیانە، بەتایبەتیی لە هۆنراوەدا.

ناوەرۆکی >بێدەنگیی و خامۆشیی (بێ بەرهەمیی)< ئەم وێنەیەیان، کە هۆکارەکەی جیاییە، ئەم دووبەیتەی (٣) بە بەیتەکانی (١ 'بێتینیی' و ، ٢ 'دوریی' ) ەوە بەستراونەتەوە.

دەگەییە مەنزلی سەلما بە صەد قەڕن
بە گامێ طە ي بکەی گەر صەد فرسەنگ (٤)

١ ٢ ٣ ٤ ٥
ب ا ب

ئەگەر (تۆ) بە هەنگاوێك سەد فرسەنگ بربییت
(تۆ) بە سەد سەدە بە مەنزلی یار دەگەیت
ا ب ا ب
١ ٢ ٣ ٤ ٥

20بڕوانە محەممەدی مەحویی (٢٠١٠) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هێنراونەتەوە !

لە دێڕی دووهەمدا، بەرامبەر بە <ئەگەر> ی دێڕی یەکهەم دەربڕاوی <ئەو کاتە> ی دەرنەبڕدراو هەیە. لەو دوو دێڕەدا، (تۆ) بەرامبەر بە (تۆ)، <هەنگاوێك> بەرامبەر بە <سەد سەدە>، <سەدفرسەنگ> بەرامبەر <بەمەنزلی یار> و <بڕیین> بەرامبەر بە <گەیشتن بە مەنزلی یار> دانراوە. لەم دوو بەیتەدا وێنەی دوریی نێوان <وێژەوان و مەنزلێ یار> (مەککە) بەحسابکردن گیبراوە، کە واتایەکی پەنهانی لەخۆیدا هەڵگرتووە. بەم جۆرە ناوەرۆکەکانی (٤) و (٣، ٢) لەسەر ئاستی جێنشینیی بەیەکەوەگرێدراون و وێنەیەکی تەواوتریان خستۆتەبەرچاومان. بە پێی ئەم پەسنکردنە، <مەنزلی یار> زۆر دوورە. ئەگەر بە هەنگاوێك سەد فرسەنگ ببرێت، ئەوکاتە بە ١٠٠٠٠ (دەهەزار)ساڵ دەیگاتێ. لە (٢) یشدا پێیگوتووین، کە وێژەوان بێ پایە (لەنگە) و نایگاتێ، بۆیە خەیاڵی خاوە، گەر بییر لەو ئامانجە بکاتەوە.

یەکێ عاشق بەخوو، یەك طالبي ڕوو
یەکێ مەجبووری بۆ، یەك مایلی ڕەنگ (٥)

١ ٢ ٣ ٤

ا ب ا ب

یەکێك عاشق بە خوویەتی و یەکێك ئارەزووی ڕوویەتی
یەکێك دوای بۆنی کەوتووە، یەکێك حەزی لە ڕەنگێتی

٢٢

ا ب ا ب

١ ٢ ٣ ٤

لەم وێنەیەدا <شۆخوشەنگیی یار> پەسندەکرێت/وەسفدەکرێت: پێکەوەهاتنەکان لە ئاستی تەکنشینییدا فرێزەکانی <عاشقی خوو>، <ئارەزووی ڕوو>، <دوای بۆن_کەوتن> و <حەز لە ڕووکردن> ن، کە دەرونیین. <عاشقبوون و دواکەوتن> وەکیەك دانراون و <خوو پێوەگرتن و بۆن> یش بەهەمان شێوە.

(ا) لێکدانەوەی یەکهەم:

<عاشقبوون و دواکەوتن> بەرامبەربەیەك و <خوو و بۆنی خۆش> یش وەکیەك دانراون: ئەو کەسەی عاشق بە خوویەتی، ناچارە دوای بۆنی خۆشی بکەوێت.

<ئارەزوو و حەزلێکردن> بەرامبەربەیەك دانراون و <ڕوو و ڕەنگ> یش وەکیەك: ئەو کەسەی ئارەزووی ڕوویەتی، حەزی لە ڕەنگی (دەموچاوی) کردووە.

جووت_جێنشینییەکەی دوایی <ئارەزووی ڕوو لەڕێی حەزکردنەوەیە لە ڕەنگ> ی. ئەم لێکدانەوەیە پێماندەڵێت، کە شییکردنەوەی واتایی <عاشق بە خووبوون هەر لەڕێی ناچاریی دواکەوتنی بۆنی خۆشی یارەوە> یە. کەواتە عاشقبوون بە خوو حەزکردنە لە بۆن و ئارەزووکردنی ڕوو حەزکردنە لە ڕەنگ. لەم وێنەیەدا جوانیی و لایەنە جوانەکانی یار پەسندەکرێت و بەمپێیە وێنەکانی (٢_٥) تەواودەکرێت.

( ب ) لێکدانەوەی دووهەم: پەیوەندییە تەکنشینیی و جێنشینییەکان دەتوانرێن بەجۆرێکی پێچەوانە شیبیکرێنەوەو بەم پێیەیش دوو بەیتەکە دەشێت ڕێگە بە لێکدانەوەی تر بدات. بۆ نموونە، پێکەوەهاتنەکانی کۆمەڵەوشە ڕێگە بەم لێکدانەوە ئەڵتەرناسیۆنە دەدات: دوای بۆنی خۆش_کەوتن بە پێی کات دەبێتە خوو، مرۆڤیش عاشقی ئەو خووەی دەبێت. هەروەها ئەو کەسەی، حەزی لە ڕەنگە، ئارەزووی ڕووی دەکات. لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە سووربیین لەسەر چەسپاویی و نەگۆڕیی پێڕەوی شیبیکردنەوە تەکنشینیی و جێنشینیەکان، بۆیە لێکدانەوەکەی ( ا ) پەسەندەکەین.

خەگ و زاری کە باسی کەوتە گوڵزار
کەچ ئەستۆ ما وەنەوشە، غونچە دڵ تەنگ ( ٦ )

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦
ا ب پ ا ب پ ا ب

کە باسکردنی >موو ( بارییك ) ی یار< و >دەمی ( تەنگی ) یار< کەوتە ناو باخی گوڵانەوە/خەڵکییەوە، ( ئەو کاتە ) بە بیستنی ( >مووی بارییك< ی یارو >دەمی تەنگ< ی ) >وەنەوشە ملی کەچ بوو< و >خونچەیش دڵی تەنگ< ( بوو ).

لە پەیوەندیی تەکنشییینیدا، پێکەوەهاتنی >مووی یار< و >خەتوخاڵ< لەگەڵ >دەمی یار< و >خونچە< ( ی تازپشکوتوو ) دا ئاسایی و باسکردنیان لەناو باخی گوڵاندا سروشتییە. بەو پەسنکردنە یان پێداهەڵدانەی خەتوخاڵ و زاری یار، وەنەوشە بە گشت ئەو جوانییەی مووی خۆیەوە لە ئاست ئەو جوانییەی مووی یار شەرمەزاردەبێت و خونچەیش بە هەموو ئەو جوانییەی دەمی تازەپشکوتووی خۆیەوە لە ئاست ئەو تەنگییەی دەمی یار دڵتەنگ و خەمبار دادەمێنێت.

لەسەر ئاستی جێنشینیی، پارتیکڵی /کە/ ی کاتیی و ئاوەڵکرداری ( کاتێك ) ی دەرنەبڕدراو بەرامبەربەیەك دانراون. بە هەمان شێوەیش /باسکردن/ و /بیستن/ ی دەرنەبڕدراو. /موو/ و ( بارییکی یار ) ی دەرنەبڕدراوو /دەم/ ی ( تەنگی یاری ) دەرنەبڕدراو بەرامبەر بە ( >مووی بارییکی یار< و >دەمی تەنگی یار< ) ی دەرنەبڕدراو دانراون. بەرامبەر بە /یار/ ی دەرنەبڕدراوی بەیتی یەکەم وەنەوشە/ هێنراوەتەوە. بەرامبەر بە >مووی بارییك< >شەرمەزاریی وەنەوەشە< کەوتۆتەوەو بەرامبەر بە >دەمی تەنگ< یش >دڵتەنگبوونی خونچە<.

لەم دوو بەیتەی ( ٦ ) دا، دڵدار لەڕێی پێداهەڵدان بە مووی بارییك و ناسکی یارو دەمی بچووکییدا وێنەی جوانیی و لەباریی یار تەواوتردەکات.

جیهانی کردە سەرخۆش و مەدهۆش

لەبی وەك بادە، خگگی سەبزی وەك بەنگ ( ٧ )

١ ٢ ٣ ٤

ا ب ا ب ا ب ا ب پ

لەبی ( یار ) وەك شەراب و مووی ( یار ) وەك ( دووكەڵی ) بەنگ

( لەبی یار ) جیهانی سەرخۆشكردو ( مووی یار ) ( جیهانی ) بێئاگا كرد

ا ب ا ب ا ب ا ب

١ ٢ ٣ ٤

لە پەیوەندیی تەكنشینییدا پەیوەندیی سروشتیی نێوان /لێو/ وەك ئاوی دەم و /شەراب/ وەك شەربەتی سەرخۆشكەر لەگەڵ >مووی سەوز< وەك دوكەڵ و /بەنگ/ وەك كەرەستەی بێهۆشكەر خراونەتەتەكیەك. ئەم خستنەتەكیەكانە سروشتیی نیین و ئەم جۆرە كۆمەڵەوشانە، تەنها بۆ وێژەوان هاتوون.

لەتەكنشیینیەكانی بەیتی دووهەمدا، خراوەتەتەكیان >لەبی یار< و >سەرخۆشكردنی خەڵكیی< لەگەڵ >مووی یار< و >لەهۆشبردنی خەڵكی< لە هەمان چەشنی ئەوانەی بەیتی یەكەمن.

/لەب/ ی بەیتی یەكەم و /لەب/ ی بەیتی دووهەم بەرامبەربەیەك دانراون و ( لەبی یار ) ی بەرامبەربەیەك_دانراوی هەردووكیان بە دەرنەبڕدراوی ماونەتەوە. واتە، فرێزی خاوەنداریێتیی >لەبی یار< كراوە بە دروستەیەكی مۆرفۆسینتاكسیی_خاوەنداریێتیی >لەبی ϕ< ( لەبی ئەو ). /شەراب/ و /سەرخۆشكردن/، /بەنگ/ و /مەدهۆشكردن/ بەرامبەر بەیەك هێنراونەتەوەو بە یارمەتییان ئەو ئەدگارانە بە /لەب/ و /موو/ دراون. لەو پەیوەندییانەوە لێكدانەوەكە بەم جۆرە كەوتۆتەوە، كە پەسنكردنی وێنەی جوانیی و لەباریی یاری بەرەو تەواوبوون پێبراوە: لێوی شەرابی سوورەو خەڵكیی سەرخۆشكردووەو مووی سەوزی دووكەڵی بەنگەو هەموانی لە هۆش_خۆ خستووە ( ئەمە جۆرێكە لە نارەوایی دەرهەق بە شاعییرو پاشان لە بەردباریین دەدوێت ).

مەگەر خوێنم سیجافیی بێ بەری دەم

كەوا ئەو دامەنەم كەوتۆتە بەر چەنگ ( ٨ )

١ ٢ ٣ ٤

ا ب ا ب

كەوا ( من ) ئەو دامەنەم بەرچەنگ كەوتووە

مەگەر ( من ) خوێنم سیجافیی بێت، ( من ) بەریدەم

ا ب ا ب

١ ٢ ٣ ٤ ٥

لە پەیوەندییە تەكنشیینیەكەدا، >دامەن كەوتنە چنگ< و >خوێنی ڕژاوی بەسەر پەراوێزی كەوا< دا لە زمانی كوردییداو بەتایبەتیی لە هۆنراوەدا ئاسایین و گوتراون، چونكە /دامێن/ و /پەراوێز/ تا ڕادەیەك

هاوواتان و /دامێنگرتن/ یش بەواتای ئیدیەمیی وەك ( پەنابۆبردن و پاڕانەوەوە ) دەگوترێت، کە خوێنی لەشی زامداریش بەرەوخوار دەڕژێت، سروشتییەو سووربوونی دامێنیٚ کەوای هەر لەیاسابەدەر نییە.

لە پەیوەندییە جێنشینیەکاندا، /کەوا/ و /مەگەر/، /من/ ی دەرنەبڕدراوو /من/ ی دەرنەبڕدراو، /دامەن/ و /سیجاف/ ( داوێنی پەراوێزی کەوا، کە سوورێکی کاڵە ) لەگەڵ >بەرچنگ_کەوتن< و >بەرنەدای ( من )< بەرامبەربەیەك دانراون. فرێزەکانی >خوێنی من< و >دامەنی من< کراون بە دروستە کورتکراوە .

مۆرفۆسینتاکسیەکانی >خوێنم< و >دامەنم<. هەردوو ( من ) دەرنەبڕدراوەکەی سەرەتای هەر دوو بەیتەکەو ( من ) ە دەرنەبڕدراوەکەی ڕستییلەکەی بەیتی دووهەم گرێ و فرێزەکانی ڕستەکانیان هاوتاکردۆتەوە.

ئەو بەرامبەر بەیەکدانانە ئەم لێکدانەوەیەی مسۆگەرکردووە:

وێژەوان ئاشکرایدەکات، کە دەستی لە دامێنی یار گیربووە، خۆ مەگەر خوێنی ببێت بە ڕەنگی پەراوێزی سووری کەوا ( کەی )، دەست لە دامەنی بەربدات.

وێژەوان، کەوا دامەنی یاری کەوتۆتە بەردەست، بەرییناداتێ، مەگەر بە خوێنڕشتن و سوورکردنی دامێنی کەواکەی نەبێت.

لەتەك ئەوەیشدا، ڕستەی مەرجیی خستۆتە پێش ڕستەی هەواڵیی. وشەی /کەوا/ ی پەسنکەری حاڵەت و دڵنیابوون لێی، هەم بەرهەمهێنانی ئەم چەشنە ڕستەیەو هەم ئەو پاشوپێشخستنەی ڕەخساندووە.

لێرەوە، لەم بەیتەی ( ٨ ) ەوە، مەحویی وێنەیەکی ترمان پێشکەشکدەکات و لە جووت_بەیتەکانی ( ٩ ) و ( ١٠ ) دا تەواویدەکات:

دڵی سەنگە، دەباریٚ گوڵ بەسەریا
ئەوی گوڵ بوو، زەمانە دایە بەر سەنگ ( ٩ )

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

ا ب ا ب ا ب

( ئەو کەسەی )، دڵی وەك بەرد ڕەقە، ( ) گوڵ دەبارێنێت بەسەریدا
ئەو کەسەی، ( دڵی وەك ) گوڵ ( نەرم ) بوو، زەمانە دا$\phi$ یە بەر بەرد

ا ب ا ب ا ب

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

لە پەیوەندییە تەکنشینیەکاندا، >دڵی ڕەق< و >دڵی بەرد< هاوواتان و جۆرێکن لە کۆمەڵەوشەی ناتەواو ( بڕوانە >دڵی نەرم، دڵی گەورە، دڵی تەنگ<. گوڵ_بەسەرداباریین/گوڵ بەسەرداکردن لە شاییدا بۆ بووك لە بۆنەدا بۆ کەسانی پلەوپایەداری خۆشەویست کۆمەڵەوشەیەکی ئاساییە. ئەوکەسەی گوڵی بەسەردا دەبارێت، خێرو خۆشیی ڕوویتێکردووە. بەڵام چەرخ و ڕۆژگار کەسانێك بەردەباران دەکات، کە خۆیان گوڵن. واتا، کەسانێك، کە پیاوی چاکن، زەمانە بەردەبارانیاندەکات. پێدەچێت /زەمانە/ و /یار/ یەك کەس بن و وێژەوان نەیەوێت ئەوە بڵێت، کە یارەکەی دڵڕەقە. ئەوەتا ڕەقیبب، کە دڵی وەك بەرد ڕەقە، یاری گوڵی

بەسەردا دەبارێنێت. ئەم لێکدانەوە واتاییەی ناوەرۆکی ئەم دوو بەیتە دەبێتە تەواوکەری لێکدانەوە واتاییەکەی بەیتەکانی ( ٨ ) و وێنەی دووهەم بەرەو تەواوکردن دەبات.

ئێستا دەبێت ڕاستیی ئەو لێکدانەوەیە بەم چەشنە دەربخرێت: لەو دوو بەیتەدا ئەم وشەو فرێزانە بەرامبەر بەیەك دانراون: سەری ڕستەی سەرجێناویی ( <ئەو کەسەی> ) دەرنەبڕدراوو <ئەو کەسەی>، <دڵی> ی دەربڕدراوو ( <دڵی> ) دەرنەبڕدراو، <وەك بەرد> و <( وەك ) گوڵ>، <ڕەقە> و <( نەرم_ ) بوو> )، ( بکەر ) ی دەرنەبڕدراوو <زەمانە>، <گوڵ دەبارێنێت> و <دانەبەر> لەگەڵ <بەسەرییدا> و <بەرد>. بکەرە دەرنەبڕدراوەکەی <دەباری گوڵ> ئاماژەیە بۆ نەناسراوێك، کە دەبێت هەر /یار/ بێت. ئەمەو پەیوەندیی گرێدراوی بەیتەکانی ( ٨ ) و ( ٩ ) ن، کە وێنەکە تەواودەکەن. لەسەروو ئەوەیشەوە، ناوەرۆکی ( ١٠ ) ئەو وێنەی سێهەمە تەواودەکات.

کە بۆتە دۆشەك ( اظفار المنية )

لە نائەهلان ئەوەندەم دییوە سەرچەنگ ( ١٠ )

١ ٢ ٣ ٤

ا ب

( من ) ئەوەندەم لە نائەهلان لێدان دییوە

بۆ من نینۆکی مەرگ بۆتە دۆشەك ( ی نەرم )

ا ب ا ب

١ ٢ ٣ ٤

هێندەم لێدان لە دەستی ناکەسان دییوە، کە نیینۆکی مەرگم لەلا بووە بە دۆشەکی نەرم.

پەیوەندییە تەکنشیینیەکانی <نا کەسان> و <لێدان بینیین> ن، لە بەیتی یەکهەمدا. پێکەوەهاتنی مۆرفێمەکانی /ناکەس/ ئاسایی لەفەرهەنگی کوردییدا بە ڕێسای وشەدروستکردن خراونەتەکیەك وشەیەکی نوێیان بەرهەمهێناوە. مەحویی بەرێسای چوونیەکی ( ئەنالۆژیی )، وەك /ناکەس/ وشەی /نائەهل/ ی دروستکردووە. وشەی /ئەهل/ واتاکانی ( کەسوکار، قەوم و .. ) ی لەخۆدا هەڵگرتووە، بۆیە فرێزی <نائەهلان> ئاماژەیە بۆ کەسانێك، کە نە سەر بە کەسوکارن و نە لە قەومی خۆن. بە فرێزی <نائەهلان> ی ئەم جووت_بەیتەو بە فرێزی <بتان> ی جووت_بەیتی ( ١١ )، کە ئاماژەیە بۆ ئەوانەی لەسەر ئاینی ئیسلام نیین ( بت_پەرستان )، ناوەرۆکی هەردووکیان بەیەکەوە بەستراون. پێکەوەهاتنی /ئەوەندە/ و /لێدان/ بە واتای ( زۆریی لێدان ) ەوە، سینتاکسیی ڕووتەو لە فەرهەنگدا چەسپاوە.

هەر لە ئاستی تەکنشینییدا، پێکەوەهاتنی جومگەکانی <نینۆکی مەرگ> لە زمان و کولتووری کوردییدا بە چوون_یەکیی ( ئەنالۆژیی ) لە <چنگی مەرگ> ەوە هاتووە، بەڵام بە واتایەکی ترسناکترەوە. ڕێکەوتن و پێکەوەهاتنی توخمەکانی <دۆشەکی نەرم> لە سروشتەوە هاتووە، چونك دۆشەك خۆی هەر نەرمە. هەمبەربەیەك_وەستانەوەی <نیینۆکی ڕەقی مەرگ> و <نەرمیی دۆشەك> زۆری لێدانەکە دەردەبڕێت، کە بە

وشەی /ئەوەندە/ بەرجەستەکراوە. واتە هێندە زۆر بەو نیینۆکە ڕەقە لێدراوم، کە نینۆکەکەم لەلا بووە بە دۆشەکی نەرم.

لبەر بەستنەوەی ناوەرۆکەکانی جووت_بەیتەکانی (١٠) و (١١) یە، کە دێڕەکانی جووت_بەیتی (١٠) پاشوپێش خراون. ئەوەتا بە گرێیکانی >نائەهلان< و >بتان< ئەم کارە کراوە. >ئەوەندە لێدان< و >بە نیینۆکی مەرگ< لەسەر ئاستی جێنشینیی تەواوکەرانە بەرامبەر بەیەك دانراوە.

بتان ئەمڕۆ لە فە ضلي ئێمە دەدوان

فەڕەنگ ئیشی چ بێ ((مەحویی)) بە فەرهەنگ ؟ (١١)

١ ٢ ٣ ٤ ٥

نا موسڵمانەکان ئەمڕۆ لە زانست و ئەدەبی ئێمە دەدوان

ئەوان دەبێت ئیشیان بە زاست و ئەدەبی ئێمە چیی بێت؟

ا ب

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٢

ئەو کەسە نائەهلانەی، کە دوێنێ لێیانداوە، ئەمڕۆ لە ئەدەب و زانستی (ئەم هۆنراوەیەی) دەدوێن. مەحویی سەری سوڕماوەو لەخۆی دەپرسێت: دەبێت هۆی چیی بێت و بۆچیی بێت وەها بەم شێوەیە لەم فەزلەی قسەدەکەن.

لە ئاستی تەکنشینییدا >فەرهەنگی ئێمە< و >دەبێت چیی بێت< هەن، کە دروستەی سینتاکسیین: ئەوەی یەکهەمیان فرێزێکی خستنە پاڵی خاوەندارییەو ئەوەی دووهەمیان دروستەیەکی کردارییە لە کرداری ویستوئارەزووهێنەری پێویستیی/گومان (/دەبێت/) و کرداری ویستوئارەزووی /بێت/ (بڕوانە (ا) >دەبێت ئەو ببێت بە مامۆستا<، (ب) >دەبێت کێ بە نهێنیەکەی زانیبێت<).

لە ئاستی جێنشینییدا، >بتان< و (>ئەوان<)، >فەزڵی ئێمە< و >فەرهەنگی ئێمە<، >لێدوان< و >ئیش< بەرامبەربەیەك دانراون. فرێزە ئاوەڵکردارییەکەی >ئەمڕۆ< ی ئەم جووت_بەیتە بەرامبەر بەوەی (>دوێنێ<) ی دەرنەبڕدراوی جووت_بەیتی یەکهەم و بەتایبەتی بەرامبەر بە تافە ڕابوردووە بەردەوامەکەی هێنراوەتەوە. بەم جۆرەیش ڕابوردوو (ی بەردەوام) بەمڕۆوە گرێدراوە. واتە، مەحویی تاف و ڕووکاری بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە.

ئێستا بینای هۆنراوەکەو دییمەنەکان دەخرێنەڕوو:

ناونیشان و سەرەتا: مەحویی بێ تیین و بێڕەنگ

یاری شۆخ و شەنگ

وێنەی یەکەم:      نەگەیشتن      بەیاری      پایەبڵند
پێ لەنگ
(ا)      جودا      لەیاری
بێ نەواو بێدەنگ
دووریی      مەنزڵی یار
(ب)      عاشقی خوو      و      تاڵبی ڕوو
خەت      و      زار
وەنەوشە      و      خونچە
سەرخۆش      و      مەدهۆش
لێوی بادە      و      مووی بەنگ

وێنەی دووهەم:   (ا)  دەستپێگەیشتن، خوێنڕشتن و لێدان
دامەن کەوتە بەر چنگ  و بەرنەدانی
(ب)  مەحویی گوڵ دەدرێتە بەر سەنگ
نائەهلان زۆری لێدەدەن
نائەهلان لە فەزڵی دەدوێن
نازنرێت، بۆچیی !

تەواوکردنی لێکدانەوە واتاییە تەواوەکە لەناو لێکدانەوەیەکی فراوانتردا جێبەجێدەکرێت، کە وابەستەگێتیی ئەم ئەنجامەیە بە هۆنراوەکانی دییکەی شاعیرەوە لەگەڵ دواتاقییکردنەوەی، کە بە داخەوە لێرەو لەم لێکۆڵیینەوەیەدا جێگەی نەبووەوە.

ئەنجام

وێنەگشتییەکەی هۆنراوەکەی مەحویی بە پێی شییکردنەوەکان بەم شێوەیە پوختدەکرێتەوە:
مەحویی لە مەراقیی گەیشتن بە چشتێکی بەرجەستەو نابەرجەستەی نادیاردایە: (ا) گەیشتن بە دوا مەنزڵگای پێغەمبەر (د.خ) وەك بەرجەستەکەو (ب) گەیشتن بە مەقامی پێغەمبەرە، وەك نابەرجەستەکە. مەحویی دەیشزانێت، کە تەمەنی کورتی خۆی بۆ زۆرترین چاکیی و پییرۆزیی، بەشناکات. لە کاتێکدا پێغەمبەر (د.خ) بە کەمترین تەمەن بەقەدەر سەد قەرن چاکەی کردووە. بەم هۆیەوە ئەمیش، ئەگەر چیی لەناو خرا پاندا چاکە، بەڵام لەچاو پێغەمبەردا (د.خ)، بێڕەنگ، بێدەنگ و ... هتدە.

**شیکردنەوەی هۆنراوەیەکی مەولەویی بە پێی هەمان ئەو هەنگاوانەی پێشتر:**

**چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەردو بەرد**
**دەس ئەو دەس نگین تا خاتەم ئاوەرد[٢١]**

**چەرخ هەر ئەو چەرخەیە، کە هێنای و بردیی**
**دەستیش هەر ئەو دەستە نگیینەیە، کە ئەنگوستییلەی هێنا[٢٢]**

**دا بەزم خوسرەو شیرین وەهەم دا**
**جام دا وە سەر جەم، جەم وەسەر جەم دا**

**بەسەرهاتی خوسرەوو شیریینی دابەیەکدا**
**ئاوێنەی جەمشییدی دا بەسەر جەشییدو**
**جەمشییدیشی دا بەسەر کۆمەڵی تردا**

**شۆرەت نامەی نام حاتەمش کەرد طه ي**
**کەرد وەکاسە کەل کاسەی کەلەی کەی**

**ناوبانگی حاتەمی تاهیی پێچایەوە**
**کاسەی کەللەی کەیخوسرەوی کرد بە کاسەی کەل**

**ساقی گەرد ئارد یاران هام فەرد[٢٣]**
**مدۆم نە دەماخ ئاسیای چەپ گەرد**

**ئەی مەیگێڕ، ئاشی گەردوون بۆنی ئاردی لاشەی**
**هاڕدراوی هاوڕێیانی دەدا بەلووتماندا**

**صەدای ئاسیاو چی مەیۆ پەیاپەی**
**ئاساو خاڵی یەن نەوبەتەن سا دەی**

**دەنگی ئاشەوان ( عیزرائییل ) لە هەموو لایەکەوە دێت و دەڵێت**
**ئاشیش خاڵییە، ئیدی سەرەو نۆبەتانە، دەستپێبکەن**
**ئەی خاوەن_باراشان**

**هەر کاتێت زانا چەرخێ وەردەوە**
**چون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە**

---

[21] **نگیین: مۆرخانەی ئەموستییلە ( = مەزنێتیی پێغەمبەرایەتیی ).**

[22] **ئەموستییلە: خاتەم = محەمەد (دز×ز)، کە دوا پێغەمبەرە، واتە محەمەدی دوا پێغەمبەری هێنا. هێنانی نگیین/ئەموستییلە بریتییە لە پرۆژەی اگباق لە زانستی زێوەرناسییدا یان لە زانستی بەدییعدا.**

[23] **ساقیی: خودا**

هەر كاتێكت زانیی، فەلەك دییسانەوە سووڕایەوە

هەر وەك جەستەی مردووان (یاران) جەستەی ئێمەیشی هاڕییەوە

نە هەر سەردەشتیٚ كشتیٚ كریابۆ

وەجۆی چەمەی چەم ئاونەدریابۆ[24]

لە هەر شوێنێكدا مەزرەعەیەك كرابێت

بە جۆگەی ئاوی فرمێسكی چاو ئاو نەدرابێت

نەیاوا بۆ خاس دانەش بەو ئاوە

لایق نین بەردیٚش بەو ئاسیاوە

دەنكەكانی ئەو مەزرەعەیە بەو ئاوە جوانە پێنەگەیشتبێت

شیاوی ئەوە نییە، بیبیەنە ئەو ئاشە، واتە

پرۆسەی مردن و چوون بۆ ئەو دونیا.

فیدات بوون ئامان سا هۆر كەر بابەی

وەسەر كشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی

قوربانتبم و ئامان لەو جۆگەی شەرابە بایەك هەڵبكە

با بەسەر مەزرەعەكەمدا بێت و بڕوات

ئەر صەد كشتەكەم ئاخر كارشەن

هەفتەكەی ئاخر نەو وەهارشەن

هەرچەندە دەغڵەكەم ئاخروئۆخریەتیی و

دوا هەفتەی نۆ بەهاریەتی

بەلاٚم بەڵ تەڵ تەڵ كەشێوەكەرۆ

جەی ئاخرەوە داناویٚ وەرۆ

بەڵكو لقەكانی سەرلەنویٚ كەش بداتەوە

لەم دواییەی تەمەنمدا، ئاوێك لەو لقانەوە بخواتەوە، واتە

هەرچەندە پییربووم، تا ئێستا كارێكی باشم نەبووە. بابیٚ چاكە نەمرم.

كارێكی وەهابكە، كردەوەی چاكە لە ڕیزی كارەكانمدا بێت.

حەیفەن تۆ میراو سەر جۆی بادە بی

وەهەر كەس بە قەد كەفاف دادەبی

حەیفە، تۆ مییراوی جۆگەی ڕەحمەت بییت و

بە هەر كەس بەشی تەواوی خۆیت دابیت و من بێبەش بكەیت

من كشتم ڕووزەرد هام فەردانش بۆ

دانەم ڕوو سیای هام دەردانش بۆ[25]

---

24 دەشت: لاشەی ئادەمییزاد، كشت: كردەوەی ئادەمییزاد، جۆگە: چەم، سەرچاوەی خودا پەرستیی.

دەغلم وشك بێت و ببێ بە پووشی زەرد، واتە
داخەکەم کۆششەکەی من لەلای هاوڕێیان ڕووزەردە.
دانەوێڵەی خەرمانم ڕەش ببێتەوە، واتە
جەستەیشم لەلای هاوڕازانم ڕووڕەشە

داڕشتنەوەی ئاسۆیی هەر دێڕێکی بەیتێك لەسەر بنەمای لێکدانەوە واتاییەکەی جێبەجێدەکرێت. داڕشتنە زنجیرەییەکەی یان تەکشیینیەکەی دەربڕیین یان توانا دەنوێنێت و ناوەرۆکەکەی لە واتای وشەو جەمگەکانی پێکهاتووە. دەستڕەنگینیی وێژەوان لە بوارو مەوداکانی ڕەوانبێژییدا، بەزۆریی لەم ئاستە زنجیرەییەدا وەستایی تێداکراوە. بییرە نەگۆڕو چەسپاوەکەی بریتییە لە وێنە گەورەکەی گشت هۆنراوەکەو لە وێنە بچووکەکان پێکهاتووە. ئەم وێنەیە لە مێشکی وێژەواندایەو ئەو دنیایەی پێدەنوێنێت، کە خۆی باوەڕی پێیهەیە. شێوازی داڕشتنەکەی لەسەر ئاستی زنجیرەیی خۆی لە ڕستەی باسمەندو هەڵواسیینی هەندێك گرێدا دەخاتەڕوو. بۆ تەواوکردنی ئەم مەبەستە، لەسەر ئاستی جێنشینیی و بۆ بەستنەوەی ڕستەو بەیتەکان وشەی هاوبەش و/یان وێنە بەکاردەهێنێت. بەشێکی پێکهێنەری شێواز فەرهەنگە، بۆیە لەتەك ئەوەیشداو بەم جۆرە سوودی تەواویش لە گەنجی وشەکانی گەنجی وشەی کوردیی و وشەی تایبەت بەخۆی بینییوە. لە ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردنەکاندا ئەم لایەن و ڕەهەندانە ئاشکرادەبن.

١)

_ا) چەرخ هەر ئەو چەرخەیە، کە هێنای و بردیی

١ ٢

_ب) دەستیش هەر ئەو دەستە نگیینەیە (مۆرخانەی ئەموستییلە)، کە ئەنگوستییلە (خاتەم/ پێغەمبەر) ی هێنا

١ ٢

٢)

_ا) pro بەسەرهاتی خوسرەوو شیریینی دابەیەکدا

١ ٢

_ب) pro ئاوێنەی جەمشییدی دا بەسەر جەمشییدداو

١ ٢

pro جەمشییدیشی دا بەسەر کۆمەڵی تردا

---

[25] ڕووزەرد = کشت، زەردبوونی زەرعات،

ڕووسیا: دانە، واتە ببێتە 'کوێروو'، ئەو گوڵەگە نمەی لەڕوو ساغە، بەڵام لەناو دەستدا وردەبێت و دەردەکەوێت، کە ڕەشە.

١ ٢

٣)

ـا ) pro ناوبانگی حاتەمی تاهیی پێچایەوە

١ ٢

ـب ) pro کاسەی کەللەی کەیخوسرەوی کرد بە کاسەی کەل

١ ٢

٤)

ـا ) مەیگێڕ گەردو تۆزی هاوڕێانی هێناو

١ ٢

ـب ) ئاشی گەردوونی چەپگەردیش دای بە لووتماندا

١ ٢

٦)

ـا ) دەنگی ئاشەوان ( عیزرائییل ) لە هەموو لایەکەوە دێت

ـب ) ئاشییش خاڵییە، ئیدی سەرەو نۆبەیە، pro دەستپێبکە

١ ٢ ٢ ١ ٢

٧)

ـا ) pro هەر کاتێکت زانیی، فەلەك دییسانەوە سووڕایەوە

١ ٢ ١ ٢

ـب ) هەر وەك جەستەی مردووان ( یاران ) pro جەستەی ئێمەیشی هاڕییەوە

١ ٢

٨)

ـا ) مەزرەعەیەك لە هەر شوێنێکدا کرابێت

١ ٢

ـب ) pro بە جۆگەی ئاوی فرمێسکی چاو ئاو نەدرابێت

١ ٢

٢

٩)

ـا ) دانەوێڵەی ئەو مەزرەعەیە، بەو ئاوە جوانە پێنەگەیشتبێت

١ ١ ٢

ـب ) pro شیاوی ئەوە نییە، pro بیبەنە ئەو ئاشە

١ ٢ ١ ٢

١٠)

_ا ) pro قوربانت بم و ئامان ! pro لەو بارانی ڕەحمەتە بایەك هەڵبکە

١ ٢ ١ ٢

_ب ) با pro بەسەر مەزرەعەکەمدا بێت و بڕوات

١ ٢

١١)

_ا ) هەرچەندە دەغڵەکەم ئاخروئۆخریەتیی و

١ ٢

_ب ) pro دوا هەفتەی نۆ بەهرایێتی

١ ٢

١٢)

_ا ) بەڵکو لقەکانی φ سەرلەنوێ کەش بداتەوە

١ ٢

_ب ) لەم دواییەی تەمەنمدا، pro ئاوێك لە لقەکانەوە بخواتەوە

١ ٢

١٣)

_ا ) حەیفە، تۆ میراوی جۆگەی ڕەحمەت بییت و

١ ٢

_ب ) pro بە هەر کەس بەشی تەواوی خۆی دابێ و من بێ بەش نەکەیت

١ ٢

١٤)

_ا ) داخەکەم ! کشتەکەی من لەلای هاوڕێیان پووشە/ ڕووزەردە

١ ٢

_ب ) دانەکە/جەستەیشم لەلای هاوڕازانم بووەتە کوێریی/ ڕووڕەشە

١ ٢

وێنەی یەکەم:

هۆنراوەکە لە چەند وێنەیەکدا تەواوکراوەو داڕشتن، چنینەکان لە خزمەت پێکهێنانی هەر وێنەیەك و گریدانی وێنەکانە بەیەکەوە بۆ کێشان و خستنەڕووی وێنە یان دیمەنە گشتیەکە، کە دنیاکەی وێژەوانەکەیە لە ئاوەزو بیرگەیدا:

وێنەی یەکهەم لە سێ بەیتی (١_٣) دا کێشراوە، واتە لە وێنەی یەکهەمدا، ئاستێکی تەکنشینیی لە سێ_جومگە_پێکهاتووە:

(ا) چەرخ/فەلەك کە هی خودایەو بۆ خودا دەگەڕێتەوە،

(ب) دەستی خودا، کە ئاماژەیە بۆ دەستەڵات،

(پ) کردەکانی هێنان و بردن.

(١) دەست لەم هۆنراوەیەدا نیيشانەیە بۆ دەستەڵاتی چەرخ/خودا، کە هەر ئەو چەرخەیە یان دەستەڵاتە نگیینەیە، کەدەیهێنێت و دەبیات و کە پێغەمبەر (سلێمان) ی هێناوە. واتا، هەموو هێنان و بردنەکانی ئەو دەستەڵاتە نگیین و جوانە. لە نیيوەبەیتەکانی (١) دا چەرخ و دەست بە ژمارە (١) ەوە، وەکیەك یان هاوواتا دانراون. ئاوەڵناوی /نگیین/ (مۆرخانەی ئەموستییلە، ئەو قاڵبەی کە ئەموستییلەکەی لێدەردەچێت) بۆ بەشە پێکهێنەرێکی ئەموستییلەی پێغەمبەر (سلێمان) یش هێنراوەتەوەو بەم کارەیش چنیینێکی توندی تەکنشینیی ( >دەستی نگیین< ) و جێنشینیی بەرز >( هێنان و بردنی جوان< ) کراوە.

(٢) نیيوە بەیتەکانی (١) و (٢) بە وشەکانی /چەرخ، دەست/ و جێناوی سفری ژمارە (١) بەیەکەوە گرێدراون. لە کۆتایی بەیتەکاندا بە دەربڕاوەکانی >هێنان و بردن< ی ژمارە (٢) ی نیيوەبەیتەکانی (١_٤)، دییسانەوە بەیتەکانی بەیەکەوە بەستراون. هێنان و بردنەکانیان بە شێوازی جیاواز یان بە وێنەی جۆراوجۆر بەجێهێنراون: بەسەریەکدادانی خوسەرەوو شیرین، دانی ئاوێنەی جەمشیید بەسەر جەمشییدداو بەسەر کۆمەڵی دییکەداو پێچانەوەی ناوبانگی حاتەمی تەی. هەموویان چەند وێنەیەکی دەستەڵاتی یەزدان (فەلەك) دەخەنەڕوو، کە لە سەرەتای هەر دێڕێکدا ئاماژەی بۆکراوە.

وێنەی دووهەم:

لەسەر شییکردنەوەی تەکنیشیینی و دەرهێنان و پێدانی ناوەرۆك بە بەشە_بەیتەکان بەردەوامدەبیین. لەبەر ڕۆشنایی ناوەرۆك و وێنەی یەکهەمدا، گریيمانەیەك دادەنێین، کە بنەماکەی ناوەرۆکی سێ بەیتی دییکەیە. لەم وێنەیەیاندا، بە دوو سەرچاوەی هەستەکان، بە ‘بۆن‘ و بە ‘دەنگ‘، لەوە بە ئاگاداردەهێنرێینەوە، کە سەرەمانهاتووە، چەرخ/فەلەك وەك دانەوێڵە بمانهاڕێت. وێنەکێشراوەکەو بەستنەوەی دوو وێنەکە لەگەڵ ئاگادارکردنەوەمان بەم شێوەیە بەجێهێنراون:

‘مەیگێڕ‘/‘ساقیی‘ لەسەرەتادا بکەرەکانی هەر سێ بەیتەکە بەوانەی بەیتەکانی پێشترەوە دەبەستێتەوە. هێنانەوەی ‘هێنان و بردن‘ یش هەر ئەو کارو ئەرکە بەجێدەهێنێت. بەم شێوەیە، تەکنیکی بەستنەوەی وێنەکانی یەکهەم و دووهەم بە وشەکانی زمان و لەڕێی زمانەوە کراوە. لەم وێنەیەدا گەردوون، ئاشەوان و ئاش هێمان بۆ دەستەڵاتەکەو گرێی >کاتێکت زانیی< دەربڕیينی ورياکردنەوەو بەئاگاهێنانەوەیە:

گەردوون گەردی/تۆزی هاوڕێیانی هێنا (٣ هەم)،

گەردوون/ئاشەوان بۆنی دا بە لووتماندا (٣ هەم)،

بە هێنانەوەی گرێی (هەروەك یارانی مردوو) (کەسێتیەکانی وێنەی یەکهەم، وەك جەمشییدو حاتەمی تەی)، جارێکی دییکەیش وێنەی دووهەم بە وێنەی یەکهەمەوە بەستراوەتەوە. ئەوەتا لە پەیوەندییە

تەكنشیینیەكەی بەیتی یەكەمدا دەڵێت: فەلەك، كە لە سووڕانەوەدایە، وەك مەیگێڕ (ساقی/خودا) بۆنی گەردی هاوڕێیانی پێشووی دا بە لوو تماندا. بەمەبەستی هێنانەناوەوەی 'بۆن' ە، كە وێژەوانەكەمان 'فەلەك' ی بە 'مەیگێڕ' شوبهاندووە، چونكە فەلەك فەرمانی مەیگێڕ بەجێدەهێنێت و مەیگێڕ فەلەك دەجووڵێنێت. مەیگێڕە، كە بۆنی یارانی مردووی پێشتری بۆهێناوین. ئەمیش لەو ڕێیەوە، كە گەردوون ئاشەكە دەسووڕێنێتەوەو ئاشەكەیش گەردو تۆزی هاوڕێیانی هاڕدراوی لێهەڵدەستێت. لەبەر ئەمەیە، فەلەك چەپگەردە. بە هەموو بەیتەكە، وێژەوان وێنەیەكی داوینێ، كە وەك ئەنجامی وێنەی یەكەم هاتۆتەئاراوە.
هونەری ڕەوانبێژیی، لە پەیوەندییە تەكنشیینیەكان سوودیانلێبیینراوە، بەڵام هەر وەك دەبیین، هاونرخیی خۆی، یاران و هاوڕێكانی ئێستای لە پەیوەندییە ستوونیەكاندا چەسپاوو نەگۆڕە.
هەر لەم وێنەیەی دووهەمدا، دییسانەوە 'فەلەك' ی وەك 'ئاشەوان'/'عیزرائیل' هێنراوەتەوە، كە كۆكردەی (پرۆسەی) هاڕیین بەجێدەهێنێت. لەبەیتی یەكەمدا بۆندێت و لە بەیتی دووهەمدا گەڕانی بەرداش دەنگی ئاشەوان دەدات بەگوێمانداو دەنگی ئاشەوان دەبیستیین. دەنگی ئاشەوان دێت و ئاش خاڵییەو دانەوێڵەی تێدا نەماوە، بۆیە بە وشەی /هێنان/ داوای هێنانی دانەوێڵەی/مرۆڤی تر دەكات و دەڵێت: سەرەو نۆبەتانە، وەرن بۆ هاڕیین!
ئەوجا مرۆڤەكان وریادەكاتەوە، تاوەكو ئامادەبن، چونكە هەر كاتێكیان زانیی، فەلەك دەسووڕێتەوە ...!
لە دێڕی دووهەمی بەیتی سێهەمی ئەم وێنەیەیاندا ئاشكرا دەریدەبڕێت: چۆن فەلەك/ئاشەوان/ئاش جەستەی یارانی پێشووی هاڕیی، بەو شێوەیەیش ئێمە دەهاڕێت. چونكە دانەوێڵە دەهاڕێتەوە، لەتەك چشتی دییكەدا، دانەوێڵە نرخی تایبەتیی هەیە، كە بریتییە لە ئەدگارەكانی 'سەرچاوەی ژیان'، 'بەردەوامیی ژیان' و 'گەڕانەوە بۆ ژیان': ئەو ئەدگارانە لە ناخیاندا گۆڕیینی دۆخ (لە دانەوە بۆ ئارد لەڕێی هاڕیینەوە) یان هەڵگرتووە، بۆ سوودوەرگرتن
لێی، كە ژیان و ژیانەوەیە لە بەرانبەریدا

لەم پەیوەندیانەدا 'دۆناودۆنیی' خۆی دەنوێنێت. لەم بەیتەدا، وێژەوان نرخی دانەوێڵەی داوە بە مرۆڤ (خۆی و یارانی). تێیدا وشەی /دان/ واتای (جەستەی مرۆڤ) ی هەیە. نرخپێدانەكە گۆڕیینی دۆخی مرۆڤی لە ژیانەوە بۆ ژیانێكی مێتافیزیكیی دەبەخشێت، كە بۆ مەولەویی و لای مەولەویی ژیانێكی نوێیە.
بەم شییكردنەوەو ڕوونكردنەوانە یەكەمیین گریمانە سەلمێنرا.

وێنەی سێهەم:

گریمانە:

ئەم وێنەیە، وەك هەر یەك لە دوو وێنەكەی پێشتر لە سێ بەیتدا كێشراوەو لە ناوەرۆكدا جیایە لەوان. ڕوونكردنەوەو پەسنكردنەكەی بەو گریمانەیە دەستپێدەكات: لە ناوەرۆكی وێنەكانی (١) و (٢) ەوە دەردەچیین وەهایدادەنێین، كە مەولەویی باوەڕی بە فەنابوون و ژیانەوە هەیەو كە هەر كارو بەرهەمێك لە خودا_پەرستییەوە نەبن، شایەنی ژیانەوە نیین.
بە بەكارهێنانی وشەو دەربڕاوەكانی /فرمێسك/ و >ئاوی چاو< لە خواپەرستیی خۆی دەدوێت و نرخێك بۆ ئەو

مرڤانە دادەنێت، کە شیاوی ئەوەن بچنە ئاشی یەزدانەوە، تاوەکو بهاڕدرێن و دووبارە بژێنرێنەوە.
لە هەر مەزرەعەیەکی دانەوێڵەدا/مرۆڤدا بێت و مەزرەعەکەیش لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بێت، گەر دانەوێڵەکەی/مرۆڤەکەی بە فرمێسك و ئاوی چاو ( پەرستنی خودا ) ئاوەدرابێت، ئەوا دانەکەی/مرۆڤەکەی شیاوی ئەوە نییە ببرێتە ئاشی یەزدانەوە بۆ هاڕین. واتا، شیاوی ئەوە نییە بچێتە کۆکردەی ژیان و فەنابوون و دووبارە ژیانەوەوە.
دەربڕاوی >هەر شوێنێك< ( دنیا ) دەبەخشێت و وشەی /مەزرەعە، کێڵگە/ واتای (کردەوەو بەشی مرۆڤ ) و >فرمێسکی چاو< یش (ستایش و پەرستنی خودا ) بەدەستەوەدەدەن. لە بەیتی نۆهەمدا، مەولەویی داوا لەخودا دەکات و لێیدەپاڕێتەوە، تاوەکو بەزەیی پێدابێتەوەو بایەکی ڕەحمەت بە سەر کێڵگەو مەزرەعەکەیدا هەڵبکات و بارانەکەی بکات بەسەرییدا.
لەم هۆنراوەیەداو لە پەیوەندییە ستوونیەکەیدا، کێڵگە ئاماژەیە بۆ دنیاو دانیش بۆ مرۆڤ و بۆ وێژەوانەکەمان.
ئەگەر کێڵگەو دانەکە لەڕێی خودا پەرستییەوە ( فرمێسك و ئاوی چاو ) ئاوبدرێت، ئەوا ئەو کاتە ئەو ڕەگەزانە شیاوی ئەوەن ببرێنە ئاشی گەردوون بۆ فەنابوون و ژیانەوە.
لەڕێی وشەکانی /چەرخ، دان، مەزرەعە، ئاش/ هەم بەیتەکانی ئەم وێنەیەو هەم سێ وێنەکە بەیەکەوە بەستراون و بەم پێیە چەسپاویی وێنەو بیرە سەرەکیەکە لە پەیوەندییە ستوونیەکەدا پارێزراوەو بەردەوامیی پێدراوە.

لەو شیبکرنەوەو لێکدانەوانەدا، گریمانەی دووهەمیش سەلمێنراو ئەوەیش ئاشکرابوو، بۆچیی مەولەویی لە خودا دەپاڕێتەوە بەزەیی پێدابێتەوەو بای ڕەحمەتی خۆی بەسەریدا هەڵبکات.
وێنەی چوارهەم:
لەم وێنەیەیاندا وەهایدادەنێین، کە وێنەی خۆی و خوداو پەیوەندییان لەگەڵ ئاستی ئایندارییی خۆی وەك بەرهەمی کارو کردەوەی، پێشکەشدەکات، بۆ ئەوەی لێمانبپرسێت، کە ئەگەر شیاوی ئەوەیە ببرێتە ئاشی خودا یان نا.
لەبەیتی یەکهەمدا دەریدەبڕێت، کە جەستەی مەولەویی و کۆششەکانی لە خودا پەرستیی ئەم دنیایەدا لە کۆتاییدا، چونکە پیربووەو لە دواهەفتەی بەهارییدایە. لەگەڵ ئەوەیشدا، لە بەیتی دووهەمدا، داواکارەو هیوادارە گوڵەکانی لەم دواییەی تەمەنییدا لەو ڕێیەوە سەرلەنوێ بگەشێنەوە (کەشدان لەڕێی داناو بەسەردا بارینەوە)، کە لە گوڵەوە یان لە دانەوە لە بارانی بەهار ( داناوی دەغڵودان ) ئاوبخۆنەوە. لە کۆتایی ئەم وێنەیەیاندا لەگەڵ خودادا دەدوێت و دەڵێت: کە تۆ میبراوی جۆگەی ڕەحمەت/ پەرستن بیبت، حەیفە بە هەر کەس بەشی تەواوی خۆی یان بەقەدەر خۆی داوەتێ.
بە وشەکانی /تەمەن، کۆتایی بەهار/ وێنەیەکی حاڵەتی لاوازی خۆی کێشاوە، بەوانەی /بەهار، داناو، کەشدان/ وێنەیەکی بارانی بەهارو ڕەحمەتی خوداو بە /میبراو، جۆگەی ڕەحەمەت، بەشپێدان/ یش دەستەڵات و گەورەیی خوداو ڕەحمەتی زۆری.
لە وێنەی چوارهەمدا ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکات، کە لە کاروکردەوەی خۆی ناڕازییەو داوای ڕەحمەتی خودا دەکات، بارانی پەرستنی بەسەر گوڵ و دانییدا ببارێنێت، کە داناوی بەهارە.
وێنەی پێنجهەم:
وێنەی پێنجهەم تەواوکەری وێنەی چوارهەمە. بەیتی یەکهەمی بۆ کۆششەکانی تەرخانکردووە، کە بەرهەمەکانی بەرامبەر بە هاوڕێکانی ڕووزەردن/لاوازن. لێرەدا مەبەستی لە دانەوێڵەکەی جەستەیەتی، کە زەردە ( لاوازو کزە ).
هەروەها دانەکەیشی ڕووڕەشە ( ڕەشە، چونکە لە ئاوی داناوی بەرنەکەوتووە ).

بە واتایەکی پڕاگماتیکیی، کە لەسەر بنەمای زانیاریی و کولتووری کوردیی داڕێژراوە، ناڕاستەوخۆو بەشاراوەیی پێماندەڵێت، حەیفە کە ناچێتە ئاشی خوداوە.

## ئەنجام

بە پێ ی شیکردنەوەی تەکنشینی کە تیایدا خوازەکان بەچەشنەکانیەوە هەن , لەگەڵ بەستنەوەی وێنەکانی ناو پەیوەندییە جێ نشیینەکان ئەم وێنە گشتی بە دەست خراوە , پڕاوپڕ بە پێ ی ناوەرۆکی ئەم وێنە گشتییە ناونیشانێکی بۆ پێشنیاز کراوە.

### وێنە گشتییەکەی هۆنراوەکە

مەولەویی بە گشت وێنەکانی گفتوگۆ لەسەر لە نرخ و بەهای مردن دەکات، کە لە ژیانەوەدایە. وێژەوانەکەمان لەو باوەڕەدایە، کە ڕاستە ژیان فانییە، بەڵام مردن چوونەوەیە بۆ لای پەروەردگارو لەمەیشدایە، کە مردن نرخی خۆی هەیە. بە پێی وێنە گشتییەکە، دەشێت هۆنراوەکە ناونیشانی 'نرخی مردن لە ژیانەوەدا' ی پێبدرێت.

لێکدانەوەی ناوەرۆکی وێنەکا هەر ئەو ناونییشانە پەیکاڵی تەواویەتیی، کە ئەمانەی خوارەوە کورتەو پوختەکانیین:

### وێنەی یەکەم:

ئەم وێنەیە خستنەڕووی مردن و ئەو کەسایەتیانەی دەربڕییوە، کە بەریان بە مردن پێنەگیراوە. بەم کارەیش ئایەتی 'کل نفس زائقه الموت' سەلمێنراوە

### وێنەی دووەم:

لەم وێنەیەدا نرخی مردن لەڕێی بەستنەوەیەوە بە نرخی دانەوێڵەو مرۆڤەوە دەرخراوە. لەناوەرۆکییدا بییری 'دۆناودۆنیی' دەربڕدراوە. لە پارچە_وێنەی دووەمدا، کەسێتیەکی دییکە هێنراوەتەناوەوە، کە 'عیزرائییل' ەو لە وێنەی یەکەمدا بە 'دەست' ئاماژەپێدراوە.

### وێنەی سێهەم و چوارهەم:

ئەم دووێنەیەیان هێندە توندوتۆڵ بەیەکەوە چنراون، کە دەشێت بە وێنەیەکی ئاڵۆز دابنرێت. وێنەی دووەم لە نرخی مردن و جەستەکان دەدوێت و بنەما بۆ مردن دادەنێت. نرخی ئییمانداریی بە بەردەوامیەکەیەوە دەبەستێتەوە. مەولەویی پێیوایە، کە مردن ئاستێکەو دەبێت خۆی بیگاتێ. لەم ناوەرۆکدا، بیریمەرگ_دۆستیی بە ژیان_دۆستیەوە دەبەستێتەوە، واتە لەڕێی مردنەوە نرخی ئەم ژیانەی ئەم سەرزەوییە نییشاندەدات.

### وێنەی پێنجهەم:

لەم وێنەیەدا، تاوانی مراندنی هەموو مرۆڤەکان دەخاتە ئەستۆی عیزرائییل، چونکە ئەو کردەی

مردنیـان بەجێـدەهێنێت. مەولـەویی، بـەوەی نەگەیـشتۆتە ناوبـانگی کەسـایەتیەکانی وێنـەی یەکهـەم، ڕووزەردەو مردنیش یەخـەی گرتـووەو ناگاتـە ئـاوی بـەهار، تـاوەکو وەك دانەوێڵـە (ڕووـ) زەرد بێـت، بۆیـە گەنمەکەیشی ڕەشە.

### ئەنجامەکان

زمانی وێژەوانیی، هەر وەك کردەی پەیوەندیی و لەیەکگەیشتن (گەیاندن)، بە زمـانی بـاڵا یـان بـە زمـانی ئاخـاوتن کراوەو دەکرێت. فۆرمی دەربـڕینی بەرهەمـەکانی لـە سـەرەتادا بـە زمـانی نوسیینە (نووسـراو) و پاشـان بـە دەنگـە زمانییەکانە. لەبەرئەوەی هـۆی داڕشـتن و گەیاندنەکـە بـە زمانـە، بـە ئاگـابوونی لێکۆڵـەری کـورد لـە ئـەدگارەکانی زمانەکانی مرۆڤ بەگشتیی و دەستەڵاتشکاندنەوەی تەواوی بەسەر ڕێزمانی کـوردیی و ئۆرسـۆگرافیی کوردییـدا لەگـەڵ شارەزاییدا لە ئەدگارەکانی زمانی دایکدا پێویستیی بنەڕەتیی هەر لێکۆڵیینەوەیەکی وێژەوانیین بۆی.
شییکردنەوەو پەسننەکردنی (وەسفنەکردنی) تەواوو پڕاو پڕی ڕێزمانی کـوردیی تـاوەکو ئـەمڕۆ نـەبوونی فەرهـەنگی کوردیی_کوردیی زانستیی و سەرچاوەی ئەتیمۆلۆژیی گەورەترین کەلێنێکیان لە هـەر لێکۆڵیینەوەیـەکی وێژەوانییـدا دروستکردووەو نیشانەی پرسیاریان خستۆتە سەر ئاستە زانستیەکەی.
زانست، وەك ڕێبـازی لێکۆڵیینەوە، لە بازنەی گرییمانەکاردا (تیۆرییدا) بەجێدەهێنرێت. گرییمانـەکاری گواسـتنەوەو بەرهەمهێنان ئەو هەلومەرجە دەرەخسێنێت ڕییزبوونی توخمە سینتاکسیەکانی ناو بەیتـەکان بـۆ ڕییزبـوونی قـووڵ و بنەڕتیان بگێڕدرێنەوە. ئەمیشیان پەیوەندیی وشەو مۆرفێمەکانی ناو هەر دەسـتەواژەو گرێیـەك (فرێزێـك) و ئـەوەی نێوان گرێکان دەخاتەڕوو. یەکهەمیین هـەنگاوی بەیتـەکان لێـرەوە دەسـتپێدەکات. لـەم قۆناغەیانـدا ڕێـساو مەرجـە سیمانتیکیەکانی لەکاردان و لێکۆڵەر دەگەڕێتەوە بۆیان. ئەو ڕێبازەی لێرەدا دەگییردرێتەبەر ڕێبازی هەڵوەشـاندنەوەو پێکهێنانەوەیە، بەڵام گرنگ واتا فەرهەنگیی و واتا سینتاکسیەکان و ڕستە_ناوەرۆکـە دەسـتکەوتووەکانن. ئـەمیان بریتییە لە کینایەو ئیستیعارە پێکەوە.
قۆناغی کۆتـایی بۆ چەسپاندنی وێنەگشتییەکەیە: وێنە گشتییەکە لە وێنەکانی بلۆکە_بەیتەکانـدا خـۆی دەردەخـات و بەمەیش یەکێتیی دەقی هۆنراوەکە دەسەلمێنرێت. شییکردنەوەی واتـایی و ناوەرۆکی واتـایی هەر دوو هۆنراوەکەی مەحویی و مەولەویی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. دنیا تەواوەکەی، کە وێژەوان بۆ خۆی دروستیکردووەو تێیدا دەژیی، لەبەشە_دنیاکانی بلۆکە_بەیتەکان هاتۆتەئاراوە. ئەمانەیان دنیا_ئەگەریەکانی وێژەوانەکە دەنوێنن.
لەم ڕووانەوەیە، کە ئەم مۆدێلی شییکردنەوەیە خۆی لە مۆدێلەکانی پێشتری جیادەکاتەوە، تەنانەت لەوانـەیش، کـە بۆیـان پەنابراوەتـە بـەر پەیوەندییـە ئاسـۆیی و سـتوونیەکان. ئەنجامـەکان و وێنـە گـشتیەکەی هـەر هۆنراوەیـەك ئەفزلیەتی ئەمیان بەسەر ئەواندا دەسەپێنن.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردیی**


١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠١)، ،،ڕێزمانی کوردیی‘‘، سلێمانیی.

٢- حەمە نووری عومەر کاکی (٢٠٠٩)، ،،شێوازی شیعری نوێی کوردیی کرمانجیی ناوەڕاست‘‘، نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانیی.

٣- ڕووناك مەحمود عەلی بۆمبا (٢٠٠١)، ،،کرداری ئیلزامی (ویست و ئارەزوو)‘‘، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانیی.

٤- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١_ا)، "زمان و زانستی زمان :سەرەتایەك بۆ زانستی زمان"، سلێمانیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. محەمەدی مەحویی (٢٠٠١_ب)، ،،ڕستەسازیی کوردیی"، سلێمانیی.

٥- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩_ا)، ،،فۆنەیتیك و فۆنۆلۆژیی‘‘، بەرگی یەکەم و دووهەم، زانکۆی سلێمانیی.

٦- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩)، ،،زانستی هێما : هێما، واتاو واتالێکدانەوە"، بەرگی یەکەم و دووهەم، زانکۆی سلێمانیی.

٧- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠_ا)، ،،مۆرفۆلۆژیی و تێکەڵبوونی پێکهاتەکان"، بەرگی یەکەم، دانراوو ئامادەکراو بۆ چاپکردن.

٨- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠_ب)، ،،بنەماکانی سینتاکسی کوردیی"، کتێبێکی دانراوو ئامادە بۆ چاپکردن.

٩- محەمەدی مەحویی/نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤)، ،،مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی"، شارەوانیی سلێمانیی.

١٠- کاروان عومەر قادر ( ٢٠٠٦)، ،،ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردییدا‘‘، نامەی ماستەر، بڵاوکراوەی کوردۆلۆژیی (٢٠٠٩).

١١- عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠٠٥)، ،،دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا"، نامەی ماستەر، بڵاوکراوەی کوردۆلۆژیی (٢٠١٠).

**دیوانەکان :**

١٢- دیوانی مەحویی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی ملا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم، چاپی دووەم، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٨٤

١٣- دیوانی مەولەوی، لەلایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانی یەوە لە هەورامی یەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩١ ز_١٤١١ ك.

١٤- دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس ( )، لاپەڕە ١٧٨_١٨١.


**بە زمانی بیانیی.**


15- Chomsky, N. (1968), "Language and Min d", N.Y.

16- Chomsky, N. (1982), "Knowledge of Language", N.Y.

17- De Saussure, F. (1967), "Cours de linguistique generale", Paris, (Erste Auflage 1916).

18- Ebneter, T. (1985), "Konditionen und Restriktionen in der Genereativen Grammatik", Tuebingen.

19- F. de Saussure (1967), "Cours de Linguistique generale de syntaxe structurale", (Este Auflage 1916).

20- Forder, J. (1983), "The Modularity of Mind", Cambridge, Mass.

21-Garfield, J.L. (1987), "Modularity in Knowledge Representation and Natural-Language understanding", Cambridge, Mass.
22- Klenk, U. (1980), "Formale Sprachen mit Anwendungen auf die Beschreibung natuerliche Sprachen", Tuebingen.
23- Klenk, U. (1993), "Formalr Sprachen", In: HSK 9.

## الملخص

هذا البحث الموسوم (( التحليل اللغوي لنصين شعريين للشاعرين محوى و مولوى )) دراسة علمية في المجال الادبي يطبق خطواته ضمن إطار العملية الفرضية النظرية , لذا شرعنا العمل وفق النظرية التوليدية لجومسكى , و جدير ذكره أن أى تحليل علمى لنص إدبي كالشعر لا يمكن أن يحظى بالتفوق دون الألمام التام بقواعد و ثقافات و قاموس تلك اللغة التي ينجز فيها و من أجل استيعاب و الفهم التام للغة الأم لابد من الاحاطة التامه من قبل الباحث بسمات تلك اللغة على وجه الاخص وسائر اللغات على وجه الاعم كما و أن يكون الباحث ملماً بالدراسات اللغوية المعاصرة و خصوصاً تلك التى لها صلة مباشرة بلغة الأم , لذا و من أجل إسداء خدمة ولو متواضعة لادباء شعبنا و التعريف بهذا المنهج الحديث من نوعه , أنجزنا البحث في ثلاثة محاور و هي اللغة و اللغة الكردية , طرق و مناهج البحث العلمي , تحليل نصيين شعريين للشاعرين محوي و مولوى , المحور الاول و يتضمن نبذه مختصره عن اللغة و اللغة الكردية , كما يركز على اللغة كوسيله لتقوية علاقات التفاهم و التواصل للغات البشر و كذلك اشكالها و تجاوبها مع ضرورات لغات البشر مع سمات اللغة الكردية .

و وظفنا المحور الثاني في طرائق و مناهج التحليل و التفسير للمستويين الأفقي و العمودى للجملة و العلاقات الذهنية للعقل.

المحور الثالث و فيه حاولنا تحليل و تفسير نصين شعريين للشاعرين محوى و مولوى وفق المحورين المذكورين .

لذا نرجو أن وفقنا في إشعال بصيص في هذا الجزء المعتم من ادبنا الكردي , و الله من وراء القصد.

## Abstract

*The present paper entitled the linguistic analysis of the poetic texts of two poems of poets mahwy and mawlawy is a scientific study in the literary field the steps are applied through the hypothetical and theoretical frame work*

*Thus, Chomskyan generative approach is taken as a model of analysis ,It is worth mentioning that any scientific analysis for a literary text such as a poem will not be successful without taking in our consideration the culture and the lexicography of the language to completely understand and comprehend the native language(mother language) , the researcher must have enough know ledge about the characteristics of that language specifically and all languages in general .*

*In addition the researcher must be familiar with the modern linguistic approaches and studies particularly those related to mother tongue .*

*To give a humble favor for the our nations poets, to identify this modern new linguistic approach , the research has been achieved through three axises definitely, the Kurdish languages, scientific method of research , and text analyisi for both poems of mahwy and mowlawy in addition to that the concentration is placed up on the language as a means to enhance the relation , understanding and continuation among human beings.*

*The second axis is used for the methods of analysis and interpretation for both horizontal and vertical levels for sentences and the cognitive relations.*

*The third axis tackles the analysis and interpretation for the texts of poems of mawlawy and mahwy .*

*Hoping that we can shed a glimpse on the obscure part of Kurdish literature.*